نەوژین

ژمارە (١٢) شەممە ٢٠١٧/١١/٢٥

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات

رەوشی ژنانی خزمەتگوزاری بیانی لەگەرمیان خراپە

5 ««

له رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

لەگەرمیان توندوتیژی زیادیکردوەو کوشتنی ژنان کەمی کردوە

◘ نەوژین

له رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئامارە فەرمیەکان زیادبونی کۆی رێژەی توندوتیژی لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لەگەرمیان ئاشکرا دەکەن، بەڵام کوشتن و خۆکوشتنی ژنان کەمیان کردوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەگەرمیان، لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ دا، هیچ حاڵەتێکی کوشتنی ژنان تۆمار نەکراوە، ئەمەش بەرەوپێشەوەچونێکی باشە لەچاو ساڵانی رابردو، چونکە لە هەمو ساڵەکانی دیکەو لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا، بەلای کەمەوە دو حاڵەتی کوشتنی ژنان تۆمار کراون، بەشێوەیەک لە ساڵی ٢٠١٣ دا ٣ حاڵەت و لە ٢٠١٤ دا ٢ حاڵەت تۆمارکراون، بەڵام لە ٢٠١٥ دا بەرزبوەتەوە بۆ ٦ حاڵەت و لە ٢٠١٦ دا ٢ حاڵەتی کوشتنی ژنان تۆمارکراون لەو شەش مانگەدا.

هەربەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، حاڵەتەکانی خۆکوشتنی ژنان لەگەرمیان لەمساڵدا کەمیانکردوە، بەوپێیەی ٢ حاڵەتی خۆکوشتن تۆمارکراون، بەڵام ساڵی پار ٤ حاڵەت هەبوە.

لەبەرامبەر کەمبونەوەی جۆرە قورسەکانی توندوتیژی وەکو کوشتن و خۆکوشتن، جۆری دیکەی توندوتیژی لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا بەبەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی پار زیادیان کردوە، بۆ نمونە: خۆسوتاندن لە ١ حاڵەتی ساڵی پارەوە بۆ ٦ حاڵەتی ئەمساڵ زیادی کردوە، هەروەک سوتانی ژنان لە ٤ حاڵەتەوە بۆ ٦ حاڵەت بەرز بوەتەوە.

دەستدرێژی سێکسیی، یەکێکی دیکەی جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانە کەبەپێی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەگەرمیان زیادیکردوە، بەشێوەیەک لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵ دا ٣ حاڵەت تۆمارکراوە، لەکاتێکدا پارساڵ لەو ماوەیەدا ٢ حاڵەت هەبون.

هاوشان لەگەڵ ئەم داتایانەدا، چالاکوانان و ئیشکەرانی بواری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، بەپێویستی دەزانن کە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی هەموار بکرێتەوە، بەشێوەیەک سەرجەم جۆر و تاوانەکانی دیکە بگرێتەوەو سزای قورستر بۆ تاوانباران دەربکات.

لەمیانەی راپۆرتێکی ئەم ژمارەیەی (نەوژین) دا کە لە لاپەڕە (٤) دا بڵاوکراوەتەوە، عەقید: لەمیعە محەمەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەگەرمیان، وتویەتی: «هەمو یاسایەک سەرەتا دادەنرێت کەموکورتی تێدا دەبێت، بۆیە پێویستە یاساکە هەمواربکرێتەوە بەشێوەیەک کەهەمو جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی تێدا باسبکرێت، چونکە ئەو یاسایە چەند ساڵێکە دەرچوەو لەوکاتەوەش تا ئێستا چەندین جۆری تاوانی تر دروستبوە».



٢٠١٣: ٢٣١ حاڵەت

٢٠١٤: ٤١٧ حاڵەت

٢٠١٥: ٤٧٥ حاڵەت

٢٠١٦: ٢٣٩ حاڵەت

٢٠١٧: ٣٨١ حاڵەت

حاجی خاسە، ئەو ژنەی ٢٠ ساڵە لە باوەنور دوکاندارە

6««

کچانی گەرمیان شانۆ دەبەنە سەر شەقامەکان

7««

مەلەفێکی تایبەت بە رەوشی ژنانی ئاوارەی دوزخورماتو

2««

ژنێک هەمو پارەی کەلاری لەژێر دەستە

6««

بۆچی ژنان زۆرتر پەنا بۆ نەشتەرگەریی منالبون دەبەن؟

10««

کاتێک ژنان ناچار دەکرێن شو بە «شوبرای» خۆیان بکەنەوە

■ نەوژین، زریان محەمەد

ئەو ژنانەی کە هاوسەرەکانیان لە دەست دەدەن و خاوەنی منالّن، دەکەونە نێوان دو بەرداشەوە، بەرداشێک مالّی باوکیان کە داوای کچەکانیان دەکەنەوە بۆئەوەی لەگەلّ خۆیان بژین، بەرداشێکی تر ئەوەیە مالّە خەزوران داوای منالّەکانیان دەکەنەوە، ئەمەش زۆر جار ژنان ناچاردەکات شو بە برای مێردەکانیان (شوبراکانیان) بکەنەوە.

ماریای تەمەن (٣٠) سالّ، ناوی خوازراوی ژنێکی ناوچەی گەرمیانە، کە بۆ ماوەی ٣ سالّە هاوسەرەکەی لەدەستداوە. بە ئاه و خەمێکی زۆرەوە باس لە ژیانی خۆی بۆ (نەوژین) دەکات کە چۆن ناچارکراوە کە هاوسەرگیری ئەنجامبداتەوە لەگەلّ برای مێردەکەی.

وتی: «بۆ ماوەی (٩) سالّ لەگەلّ هاوسەرەکەم بە خۆشی ژیام و بوین بە خاوەنی (٣) منالّ، بەلّام لە روداوێک دا هاوسەرەکەم لەدەستدا».

دەشلّێت: لە دەستدانی مێردەکەم بۆ من سەخت بو لەوەش سەختر ناچارکردنم بو کە مێرد بە شوبرای خۆم بکەمەوە لە پێناو منالّەکانم.

بە هەمان شێوەی ماریا، ئایشی تەمەن (٤٨) سالّ کە دانیشتوی ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلارە، سەبارەت بە شوکردنەوەی بە برای مێردە کۆچکردوەکەی قسە بۆ (نەوژین) دەکات و دەلّێت: «دوای (٣) سالّ ژیان کردن لەگەلّ مێردەکەم، بەلّام بە هۆی نەخۆشیەوە هاوسەرەکەم کۆچی دوای کردو (٣) منالّی لەدوای خۆی بەجێهێشت».

وتیشی: «سالّێک تێپەری بەسەر لە دەستدانی مێردەکەم مالّی باوکم منیان هێنایەوە بۆ مالّی خۆیان، بەلّام مالّی خەزورم رازی نەبون منالّەکانم لەگەلّ خۆم بژین بۆیە لێیان وەرگرتمەوە و ئەمەش ناچاری کردم مێرد بە شوبراکەی خۆم بکەمەوە، بۆ ئەوەی حەسرەتی دوری منالّەکانم و هاوسەرە کۆچکردوەکەم ژیانم لەناو نەبات».

ئاماژەی بەوەشکرد: راستە لە سەرەتادا بە ناچاری هاوسەرگیریم ئەنجامدایەوەو بۆ من سەخت بو، بەلّام لێی پەشیمان نەبوم و نیم، چونکە دوای زیاتر لە (٢٥) سالّە بۆ یەکجاریش ناخۆشی نەکەوتوەتە نێوانمانەوە و زۆر زۆر ئاسودەم ژیانێکی زۆر خۆشم هەیە و بوم بە خاوەنی (٥) منالّیش.

زۆرجار بۆ ئەم جۆرە نەریت و کارانە، کۆمەلّگا پەنا بۆ دەق و شەرعیەتە ئاینییەکان دەبات، بەلّام ئایا لە روی ئاینیەوە ژنان ناچارن بەوەی شو بە برای هاوسەری کۆچکردویان بکەنەوە؟

مەلا مەحمود، پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی ئیمامی عەباس لەکەلار، سەبارەت بەم بابەتە قسە دەکات.

وتی: «لە روی ئاینیەوە هیچ فەرمودەو سورەتێک نیە کەوا ژنان ناچاربکات مێرد بە شوبرای خۆیان بکەنەوە لە دوای مردنی مێردەکانیان بۆیە ژنان ئازادن چ کەسێک هەلّدەبژێرن بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەلّ بکەن».

وتیشی: ئەوەی دەوترێت لە ژێر ناوی ئایندا لایەنە کەلتوری و عەشایەریەکە بەسەریدا زالّە، ئەگەر نا ژنان ئازادن لە دوای مردنی هاوسەرەکانیانەوە مێرد بکەنەوە یان نا.

وادیارە ئەم وتەیەی دوایی (مەلا مەحمود)، کرۆکی نەریتەکەیە، چونکە وەکو هەندێک لەو ژنانە باسیان لێوەکرد، بۆ ئەوەی روبەڕوی تانەو تەشەری کۆمەلّایەتیی نەبنەوە، ئەو کارەیان کردوە.

ماریا، بەدەم هەنسکی گریانەوە باسی لەوەشکرد: «من دەمتوانی لە رێگەی دادگاوە منالّەکانم وەربگرمەوە مێرد بە شوبرای خۆم نەکەمەوە و ئەم بارە گران و سەختەی کە ئێستا تێیدام لە شان نەگرم، بەلّام بۆ پاراستنی شکۆی خۆم و خێزانەکەم و دوربون لە تانەو تەشەری دەوروبەر، بە ناچاری هاوسەرگیری دوەمم ئەنجامدایەوە، لە کاتێکدا نزیکە سالّێک دەبێت لەگەلّ شوبرایەکەم دەژیم وەک ئەوە وایە ئێستا مێردەکەمم لەدەست دابێت».

هەڕەشەکردنی خێزانەکان بۆ سەر ژنان بە وەرگرتنەوەی منالّەکانیان لە دوای لەدەستدانی مێردەکانیان، ناچاریان دەکات کە شو بە شوبرای خۆیان بکەنەوە ئەگەر چی لە روی یاساییەوە یاسایەک هەیە کە بوار بە ژنان دەدات بۆ وەرگرتنەوەی منالّەکانیان.

نەشاد عومەر، پارێزەر، لە روی یاساییەوە ئەمەمان زیاتر بۆ رون دەکاتەوە «بەپێی یاسای باری کەسێتی عێراقی کە لە ٢٠١٥ وە لە کوردستان کاری پێدەکرێت کەوا ماف بە ژنان دەدات بۆ وەرگرتنەوەی منالّەکانیان لە تەمەنی (١٥ بۆ ١٨) سالّی».

دەشلّێت: بەلّام بەهۆی داخراوی کۆمەلّگا و ناهۆشیاری ژنان و کەمتوانایی لە دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و منالّەکانیان ئەگەر بە ئارەزو بێت یاخود بە ناچاری مێرد بە شوبرای خۆیان دەکەنەوە.

لە روی کۆمەلّایەتیەوە ئەو ژنانەی کە بە ناچاری مێرد بە شوبرای خۆیان دەکەنەوە کاریگەری دەرونی زۆر لە سەریان بە جێدەهێلّێت.

عەباس گەرمیانی، توێژەری کۆمەلّایەتی، باس لە لایەنە کۆمەلّایەتیەکەی بۆ (نەوژین) دەکات و دەلّێت: «ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە دو رەهەندی کۆمەلّایەتی و دەرونی هەیە، کۆمەلّایەتیەکەی ئەوەیە کە زۆرجار ژنان توشی تانەو تەشەری دەوروبەر ئەبنەوە بە هاوسەرگیری کردنیان بە شوبراکانیان، دەرونیەکەشی ئەوەیە زۆر جار لە کاتێکدا ژنان مردنی مێردەکانیان لە بیر نەکردوە ناچاریان دەکەن ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەنەوە بە بیانوی داهاتوی منالّەکانیان ئەمەش کاریگەری دەرونی خراپ دەبێت».

وتیشی: «زۆرجاریش کوڕان و پیاوانیش لەم پرۆسەیەدا دەبنە قوربانی، چونکە کورێکی گەنج وێنای ئەوە ناکات ژیانی هاوسەری لەگەلّ کەسێک پێکبهێنێت کە رۆژێک لە رۆژان ژنی براکەی بوە».

ئایا کچ و دایک دەشێت ببنە هاوڕێ؟

■ نەوژین، جوانە جەلیل

هاوڕێیەتی نێوان دایک و کچ پەیوەندیەکی خوڕسکانەیە بەهۆی ئەوەی لە روی لێکچونی پێکهاتەی و جەستەی و ژینگەی دەرونی و هەست و سۆزدارییەوە لەیەکتر نزیکن، بەلّام بەشێکی زۆری دایکان بەهۆی سەرقالّیان بەکاروباری مالّەوە و زۆرجاریش کاروباری دەرەوە، لە کچەکانین دابڕاون ئەمەش وا لە کچان دەکات لەکاتی رودانی هەرکێشەیەک پەنا بۆ هاورێ یان کەسانی دەرەوەی خێزانەکانیان ببەن کەنازانرێ ئاخۆ جێگای متمانەن یاخود نا.

> زۆرجار هاورێکانم به تانەوە پێم دەلّێن ئێمە لەدایکت بۆتۆ نزیکترین

«بڕوام وایە هەرکچێک دایکی ببێتە نزیکترین هاوڕێی ئەوا ئەبێتە شازادەیەکی سەرکەوتوو لەژیانیدا، چونکە دایکی کەسێکی دنیا دیدەیە و رۆژانێک خۆی تێپەڕیوە بەو رێگایەدا کە ئێستادا کچەکەی هەنگاوی بەسەردا دەنێت».

ئەم وتەی (سایە ئیبراهیم)ی تەمەن ٢٢ سالّە کە خوێندکاری دوا قۆناغی ئامادەییە.

سایە، دەلّێت: «راستە بەهۆی خوێندن و کاری راگەیاندنەوە زۆر دەرفەتی ئەوەم نەبوە قسەوبەسەرهاتەکانی رۆژانەم بۆ دایکم باس بکەم، بەلّام دایکم هەمیشەو هەموکات پالّپشت و یارمەتیدەرم بوە بۆ گەشتن بە خولیاو ئامانجەکانم».

وتیشی: «هەر هەنگاوێک لەژیانمدا بینێم پێش هەموو کەس پرس بە دایکم دەکەم، چونکە دەزانم ئەو هەرگیز خراپەی منی ناوێ، تەنانەت لەهەلّبژاردنی جلوبەرگیشدا رای دایکم لاگرنگە».

لەئێستادا بەشێکی زۆری دایکان جگە لەکاری مالّەوە سەرقالی کاری دەرەوەش دەبن و زۆربەی کاتەکانیان بەکارکردنەوە بەسەردەبن و کاتێکی ئەوتۆیان نامێنێ بۆ گوێگرتن لە رازو نیازی کچەکانین، هەربۆیە کچانیش بۆ هەلّڕشتنی خەمەکانیان و چارەسەرکرنی کێشەکانیان پەنا دەبەنە بەر کەسانێک کە هاوتەمەنی خۆیانن و ئەزمونێکی وایان نیە لەژیاندا یاخود زۆرجار جێگای متمانە نین و دواجار لەجێگەی چارەسەر کردنی کێشەکە کێشەی تری بەدواوە دێت.

نەسرین عومەر، ٤٨ سالّ، ژنی مالّەوە، بەمشێوەیە باس لەپەیوەندی نێوان دایک و کچ بۆ (نەوژین) دەکات و دەلّێت: «لەسەر دایکان پێویستە متمانەیەکی وەها لەدلّی کچەکانیاندا دروست بکەن کە لەئەگەری روداني هەر کێشەو گرفتێک دایکیان پەناگەی یەکەمیان بێت».

وتیشی: «نابێت دایکان لەکاتی روداني هەر کێشەیەک توڕە ببن و پەنابببەنە بەر قسەی نەشیاو، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی ترس لەدلّی کچەکانیاندا دروست ببێت و ئەوانیش جارێکیتر نەتوانن هانا بۆ دایکیان ببەنەوە».

بەشێکی زۆر لەکچان ناوێرن یان شەرم دەکەن دایکیان بکەن بە هاوبەشی کێشەو خەمەکانیان، ئەمەش بەرای توێژەرێکی کۆمەلّایەتی.

کەنار کەمال، بۆ (نەوژین) وتی: «گرنگی دان بە رازو نیازی کچان و گوێگرتن لەخەمەکانیان و گێڕانەوەی بەسەرهات و ئەزمونی دایکان بۆ کچەکانیان هۆکارێکی سەرەکی نزیک بونەوەی کچانە لەدایکیان و رەوانەوەی ئەو ترسەیە کە زۆربەی کچان لەناخیاندایەو لەترسی توڕەبون و قسەی دایکیان ناوێرن دایکیان بکەنە هاورێی یەکەمی ژیانیان».

(کەنار) دەشلّێت: «رونە ئەرکی دایکان لەپالّ پەروەردەکردنی مندالّەکانی بەتایبەتر کچەکانیان، هاوەلّیکردن یاخود هاوڕێتیکردنیانە، کە ئەمەش جۆرێکە لەجۆرەکانی پەروەردە کە بەتایبەت بۆ قۆناغی هەرزەکاری زۆر گرنگە».

ئەو توێژەرە پێیوایە بەهۆی سەرقالّیەوە، زۆرجار دایکان لەم ئەرکە پەروەردەییە دورکەوتونەتەوە، سەرباری ئەوەش جەختدەکاتەوە کە پێویستە لەسەر دایکان گوێگرێکی باش و لەسەرخۆی کچەکانیان بن و سانسۆرێکی وەها نەخەنە سەریان کە ترس لەدلّی کچەکانیاندا بچێنێت».

هەمو ئەو دایک و کچانەی لەم راپۆرتەدا دواندمان کۆکن لەسەر ئەوەی پەیوەندی پتەوی نێوان دایک و کچ دەبێتە هۆی ئەوەی کچان زیاتر متمانەیان بەخۆیان هەبێت و فراوانتر بیر لەو کێشانە بکەنەوە کەدێتە رێگەیان، بەوهۆیەی پشتگیری دایکیان هۆکارێکە بۆ ورە بەرزییان بەرامبەر ئاستەنگەکانی ژیانیان.

بەلّام هەندێ لەکچان کێشەیان ئەوەیە کە دایکیان هیچ کات گوێی بۆ نەگرتون و متمانەی ئەوەی پێنەداون کە توشی کێشەیەک ببن و بتوانن لای دایکیان باسی بکەن.

ئاسیا محەمەد، ٢٠ سالّ، خوێندکاری زانکۆ، بۆ (نەوژین) وتی: «دایکم هیچ کات متمانەی ئەوەی پێ نەبەخشیوم کە بتوانم بێ ترس و دودلّی قسەو گرفتەکانی خۆمی لا باس بکەم، هەربۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هەمیشە پشتم بەهاوڕێکانم بەستوە».

باسی لەوەشکرد «هەمیشە ترسی ئەوەم لەدلّایە لەکاتی پچڕانی پەیوەندی هاوڕێتیم نهێنیەکانم باس بکرێ و کەسایەتیم لەناو هاورێکانمدا بڕوشێ، چونکە زۆرجار هاورێکانم تانەی ئەوەم لێدەدەن و پێم دەلّێن ئێمە لەدایکت بۆتۆ نزیکترین، کە ئەمە گەورەترین ئازاری دەرونیە بۆمن».

ژنانی ئاوارەی دوزخورماتو، خەمی ئاوارەیی و حەسرەتی گەڕانەوە

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

کاتێک (سەبری)مان دواند، لەیەک کاتدا توڕەیی و نیگەرانی و خەم لە قسەکانی دا ڕەنگی دەدایەوە، ئەو ژنێکی ئاوارەی قەزای دوزخورماتو بو، لەگەڵ خێزان و کەسوکارەکەی لە بەرەبەیانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دا ئاوارەی ناوچەی گەرمیان بون و ئێستا لەسنوری ناحیەی (زینانە) گیرساوەتەوە. بەخەمبارییەوە وتی: «١٦ خێزان لە مەکتەبێکین، بەڕێوبەرەکەشی دەڵێت دەرچن ئێمەش دەوامماں هەیە، ئێمەش هیچ شوێنێکیشمان نیە بۆی بڕۆین». سەبری نمونەیەکە لەو هەزاران دانیشتوەی قەزای دورزخورماتو، کاتێک لە شەو و ڕۆژێکدا دەربەدەری شارەکەیان بون و پەڕاگەندەی شوێن و دیکەی کوردستان و بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان بون.

ژنانی ئاوارەی خورماتو وەک لە قسەو نیگایان دەردەکەوێت، ئاوارەبونیان خەم و بارێکی قورسی بەسەردا هێناون، ئەوان لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا هەمو ئەو ماڵ و ژیانەی چەندین ساڵە هەوڵیان بۆ داوە، لەدەستیانداوەو لە ڕەوشێکی کومەلەمەرگیی دا لە گوند و ناحیەو قەزاکانی سنوری گەرمیان و لەبارێکی خراپی گوزەراندا دەژین.

هەندێک لەوانە، هێشتا لەبیری ئەنفالدابون، کاتێ لەسەر زێدی خۆیان دەرکران وکەسوکارەکەیان زیندەبەچاڵ کران، ئەوان هەرگیز جارێکی تر بیریان لە ئاوارەی وجێهێشتنی زێدی خۆیان نەدەکردەوە، بەڵام ئەمجارەش جگە لەوەی لەزێدی خۆیان دەرکران بەهۆی ئەم ڕوداوانەوە برینداریش بون.

خەولە، یەکێکە لەو ئافرەتانەی لەشەوی ڕوداوەکەی دوزخورماتو بەهۆی شەڕەکەوە بریندار بو. ئەو کە تەمەنی ٦٣ ساڵە لەشاڵاوی ئەنفالیشدا هاوسەرەکەی لەدەست داوە و کەسوکارێکی زۆریشی ئەنفالە. بەجلە ڕەشەکەیەوە کە لەو کاتەوەی هاوسەرەکەی ئەنفال کرابو دای نەکەندبو لەگەڵ جەستە بریندارەکەی دا بۆ (نەوژین) وتی: «ئێمە لەدوز دەرکراین وماڵمان وێران بو، خانوەکانمان یان تاڵان دەکرێت یان دەی تەقێننەوە، حەشد هیچی بۆ نەهێشتوینەتەوە».

وتیشی: «ئەوان جارێکی تر لەسەر زێدی خۆمان ئەنفالیان کردین، بەڵام ئەمجارە دەسەڵاتی کوردی هەبو کە نەک بەرگریان لێنەکردین، بەڵکو لەسەر سوتان و بەتاڵان بردنی ماڵەکانیشمان بێدەنگن».

بەشێکی زۆری ئەو خێزانانەی دوزخورماتو کە ئاوارە بون، ڕویان لەناوچەی گەرمیان کردوە، بەپێی ئاماری لایەنە فەرمیەکان، لەم سنورەدا زیاتر لە ٦ هەزار خێزانی ئاوارەی خورماتو گیرساونەتەوە. ئەوانیش وەک باسی دەکەن بە زۆری لەلایەن ڕێکخراوەکان و خەڵکی خۆبەخشەوە هاوکاریی کراون، بەڵام ئەویش بەپێی پێویست نییە.

فاتمە، ژنێکی ئاوارەی خورماتوەو لە ڕزگاریی دادەنیشێت. لەوبارەوە وتی: «ئێمە سوپاسی خەڵک و ڕێکخراوەکان دەکەین کە هاوکاریان کردوین و زۆر پێداویستی و کەلوپەلی ناوماڵیان بۆ دابین کردوین».

کارمەندێکی ڕێکخراوێک کە لە بەدەم ئەو ئاوارانەوە چون، ئاماژە بەوەدەکات هاوکاریەکان گشتیی بون بۆ ئاوارەکان، بەڵام چەند جۆر و لقێکی هاوکاریەکانیشیان تایبەت و تەرخانکردوە بۆ ژنان.

عەباس مەحمود، کارمەندی ڕێکخراوی CDO بۆ (نەوژین) وتی: «هاوکاری دیاریکراو و تایبەتمان نیە بۆ ئافرەتان، تەنها دەتوانین لە چەند ئاستێکدا هاوکاری ئافرەتان بکەین».

هاوکات (نیگار عومەر)، بەرپرسی نوێنەرایەتی گەرمیانی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان کە ئەوانیش هاوکاری ئاوارەکانیان کردوە، بۆ (نەوژین) وتی: «پێداویستی ئافرەتانمان لە بیر نەکردوە، بەشێکی بەرچاو لە کۆمەک و هاوکاریەکانمان جلوبەرگ و پێداویستی ژنان بوە و گوند بە گوند گەڕاوین و پێمان گەیاندون».

ئاوارەبون بۆ ئەو ژنانەی هاوسەریان نیە زۆر زەحمەتترە، چونکە لەپاڵ خەمی خۆیان، دەشبێت خەمی مناڵ و خەمی پەیداکردنی شوێنێک بۆ نیشتەجێبون و ژیانیان بخۆن.

نەرمین، یەکێک لەو ژنانەیە کەخەڵکی دوزخورماتوە لەگەڵ ئاوارەبونی دانیشتوانەکەیدا ئەمیش لەگەڵ دو مناڵەکەی ئاوارەی ناوچەی گەرمیان بو. وتی: «هەر ڕۆژە و لەماڵی یەکێک لەخزمەکانماندام کە لە کەلارو کفرین، تائێستاش نەمتوانیوە بەتەنها خانو بگرم لەبەر ئەوەی ناتوانم لەگەڵ دو مناڵ لەخانویەک بەتەنها بژیم وهەروەها لەکاتی ئاوارەبونیشمدا نەمتوانیوە هیچ شتێک لەگەڵ خۆم بهێنم بۆیە هێندە پارەم نەبوە کەبتوانم بۆ خۆم خانویەک بگرم».

دانیشتوانی دوزخورماتو لەگەڵ ئاوارەبونیان بەشێکی زۆریشیان خانو دوکانەکانیان وەک خۆیان دەڵێن یان سوتاوە یان تاڵان دەکرێت.

بەیان، یەکێکی ترە لەو ئافرەتانەی لەگەڵ هاوسەرو مناڵەکانی ئاوارەی ناحیەی ڕزگاری بوە بۆ (نەوژین) وتی: «چەند ڕۆژێک دوای ئاوارەبونمان هەواڵی ئەوەمان پێ گەیشت ماڵمان تاڵان کراوەو هەندێک پارەمان بیرچو لەگەڵ خۆمان بیهێنین ئەوەش براوە».

دەشڵێت: «ئێمە سێ ماڵین لەخانویەکی کۆندا دەژین، داواکارم یان لێرە ژیانمان بۆ دابین بکرێت یان بارودۆخی دوز باشبکرێت و ئێمەش بگەڕێینەوە».

هەندێک لە ژنەکان کاتێ باسی ڕوداوەکانی دوزخورماتو دەکەن، دەگەڕێنە دواوەو باسی ئەوەدەکەن کە دانیشتوانی قەزاکەیان بەتایبەتی لەم سێ ساڵەی ڕابردودا، بەهۆی ململانێی سیاسیی، بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێ دا ژیاون.

ژیان، یەکێکی ترە لە ژنانی ئاوارە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئێمە سێ ساڵە لەنێو شەڕداین لەم قەزایە، بەردەوام لە دڵەڕاوکێ بوین هەمیشە چاوەڕێی باشبونی بارودۆخەکەمان دەکرد، بەڵام نەمانزانی دواجار مانەوە لەماڵی خۆشماندا بەڕەوا نابینن پێمان».

ئەم بارودۆخە خراپەی کە (ژیان) باسیدەکات، وای لەهەندێکی وەکو (ئەستێرە) کردوە کە بڕیاری ئەوە بدەن بۆ هەمیشەیی قەزاکە بەجێبێڵن. ئەو کە خاوەنی ٣ مناڵە، شەوێک پێش ڕوداوەکە لە ئێرانەوە گەڕابویەوە کە بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕوی لێکردبو، بەڵام ڕوداوەکان ناچاریان کرد لەگەڵ خێزانەکەی دا هەڵبێن بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی ئەوتۆ لەگەڵ خۆیاندا بهێنن.

وتی: «نامەوێت بگەڕێمەوە دوز، چونکە ژیان چیتر لەوێ نەماوە».

ژنانی گەرمیان پێشەنگ بون لە هەڵمەتەکانی کۆکردنەوەی هاوکاریی بۆ ئاوارەکان

■ نەوژین، پەیام لەتیف

بەشداری کردنی کچان و ژنان سیمایەکی دیاری ئەو کەمپینانە بو کە بۆ هاوکاری و کۆمەککردنی ئاوارەکانی کەرکوک و خورماتو لە گەرمیان پێکهێنرابون، ئەوان بەخۆبەخشی و بێ گوێدانە ماندوبون تاکۆتایی هاتنی کەمپینەکان بەردەوامبون، هەندێکیشیان خۆیان سەرپەرشتی کەمپینەکانیان دەکرد.

مال بەماڵ و دوکان بەدوکان دەگەڕاین و کۆمەکمان کۆدەکردەوە

وەکو ژنانی بەشداری کەمپینەکان باسیلێوەدەکەن، ئەوەی هانیداون بۆ ئەم کارە، هەستکردن بوە بەو ڕەوش و بارودۆخە سەختەی کە ژنانی ئاوارەی تێدان، بۆیە هەوڵەکانیان زۆرتر بەئاراستەی کۆکردنەوەی زیاتری هاوکاری و پێداویستیەکان بوە بۆ ژنان و مناڵان.

وەک (سارا مەجید) کە سەرپەرشتیاری یەکێک لەکەمپینەکان بو دەڵێت: «بیرمکردەوە ژنان لەئاوارەیی و جەنگەکاندا، ئاسان دەستیان بەپێداویستییە ژنانەکانی خۆیان ناگات و ئەو هاوکارییانەش بۆ ئاوارەکان کۆدەکرێنەوە، کەمتر بیر لە پێداویستی ئافرەت دەکرێتەوە تێیدا».

وتیشی: «بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ ماڵی گەنجانی کەلار کەمپینێکمان پێکهێناو ناومان نا (کەمپینی هاوکاری ماڵی گەنجان، بۆ پێداویستییە ژنانەکانی، ژنە ئاوارەکانی دوز وکەرکوک)».

لەبارەی بەشداریکردنی کچانەوە (سارا) وتی: بەشداریکردنی کچان بەو ڕێژە زۆرە و بەو گەرموگوڕیەوە سەرسوڕهێنەربو. ئەوانەی بەشداری کەمپینەکان بون لەگەڵ بونی خەم بەئاوارەبونی ئەو هەمو خەڵکە، تەنها شتێک دڵخۆشیان بکات، توانیویانە هاوکاری وکۆمەکیان پێشکەش بکەن.

ئاوات ئەحمەد، یەکێکە لەو کچانەی بەشداری یەکێک لەکەمپینەکانی کردوە، دەڵێت: من هەست بەدڵخۆشی و ئاسودەیی دەکەم کە لەگەڵ کچ و کوڕەکانی هاوڕێم بەشداری ئەم کەمپینە بوم، ئێمە هەستاین بە کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری بۆ میوانانی دوزو کەرکوک، بەتایبەتی پێداویستی ئافرەتان ومناڵان.

ئەوکارەشی بە «ئەرکی سەرشانی خۆی» ناوبرد، چونکە پێوایە هەمو تاکێک دەبێت لەم بارودۆخەدا هاوکار و میوان دۆست بن.

هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان و خراپی و ناهەمواری دۆخیان، وایکرد چەندین کەمپین بۆ هاوکاری کردنیان پێکبهێنرێت، بانگەوازکردنیش لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هۆکارێکی باشبو بۆ بەشداری کردنی ئەو ژمارە زۆرەی کچ و کۆکردنەوەی هاوکاریەکی زۆریش بۆ ئاوارەکان.

ئاواز نەجم، سەرپەرشتیاری یەکێکی تر لەو کەمپینانە بو کە لە ناحیەی ڕزگاری پێکهێنرابو بۆ ئاوارەکان. وتی: «دوای ئەوەی ئاوارەیەکی زۆری کەرکوک و دوز ڕوی لەناحیەکەمان کرد بیرۆکەی کەمپینێکی چەند ڕۆژیم لادروستبو».

ڕونیشیکردەوە: «ئێمە سێ کچ بوین کە ڕۆژی یەکەم کەمپینەکەمان ڕاگەیاند، دواتر چەند کوڕو کچێکی تر پەیوەندییان پێوەکردین و ماندونەناسانە ودڵسۆزانە خۆیان بۆ کارەکە تەرخانکرد».

وتیشی: «زیاد لەنیوەی ئەو گەنجانەی هاتنە هاوکاریمان کچ بون، کە ژمارەیان نزیکەی پانزە کچ دەبون».

بەدەر لەو کەمپینانەی کە ژنان سەرپەرشتیان دەکردن، هاوکات کەمپینی دیکەش هەبون کە گەنجانی کوڕ ئەنجامیان دەداو لەگەڵیاندا کچان ڕۆڵی چالاک و بەرچاویان دەبینی.

ئاشتی محەمەد، یەکێک لە ڕێکخەرانی کەمپینێک بو لە کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: «هەر لەسەرەتای ڕاگەیاندنی کەمپینەکەمانەوە کۆمەڵێک کچ پەیوەندیان کرد و هەر زو هاتن بە دەم کەمپینەکەوە کە نزیکەی ١٥ بۆ٢٠ کچێک دەبون».

وتیشی: «لە ئاست ئەو ئەوبەرپرسیاریەتیە ئەخلاقیەی کە کەوتۆتە سەرمان ئافرەتانیش بێ بەش نەبون، بۆیە بە گرو تێنێکی زۆرە و بێماندو بون کاریان دەکرد و توانیان هاوکارێکی باشمان بن لە سەرکەوتنی هەڵمەتەکەدا».

شێوازێکی دیکەی کاری کچان لە کەمپینەکان، پێکهێنانی تیمی گەڕۆک بو بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری و کۆمەک لە ماڵ و دوکان و فرۆشگاکان.

ئاواز نەجم، لەوبارەوە وتی: «ئێمە گروپی گەڕۆکمان پێکهێنا و ماڵ بەماڵ و دوکان بەدوکان داوای کۆمەک و یارمەتیمان دەکرد، خۆشبەختانە خەڵکی کەلار و ڕزگاری بەدەمەوە هاتنێکی باشیان هەبو، سەرەنجام توانیمان هاوکاری نزیکەی ٥٠٠ ماڵ بکەین».

ئەم کارەی تیمە گەڕۆکەکان تەنها لە کەمپینەکەی ئاواز و هاوڕێکانی دا قەتیس نەبوبو، بەڵکو لەکەمپینەکەی (سارا) و هاوڕێکانیشی دا بەهەمان ڕێگا کۆمەکێکی باش کۆکرایەوە.

سارا، لەوبارەوە وتی: دەستەیەک لە کچی خۆبەخش، دوکان بە دوکانی بازاڕ لەگەڵماندا دەگەڕان و داوای هاوکارییان لە دوکاندارەکانی بازاڕ دەکرد و یەکی بە باوەشێک شمەکەوە دەگەڕانەوە بەرەو چادرگەکە.

سارا، بەهەستکردن بە شانازییەوە وتی: «ئەو کارەی کچەکان کردویانە، هیچی لە کاری کچە شەڕڤانەکان کەمتر نییە، لە کۆمەڵگایەکدا کە کچان هەزار خاوەنیان هەیە و کۆڵێک کۆت کراوە بە دەست و قاچیانەوە».

دوای ٦ ساڵ لە دەرچونی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی...

کەموکورتیی لە بڕگەکان و سستی لە جێبەجێکردن دا

▪ نەوژین، پەیام لەتیف

یاسای ژمارە ٨ی ساڵی٢٠١١ کە بەیاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ناسراوە، سەرەڕای کەموکورتیەکانی نەتوانراوە وەکخۆی جێبەجێ بکرێت.

وەک دەوترێت «گرنگی یاسا لە جێبەجێ کردنی دایە»، ئەم وتەیەش بە تەواوی بەسەر یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی دا جێبەجێ دەبێت، کەبەوتەی چالاکوان و ئیشکەرانی بواری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانیی، هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لاوازن.

عەقید: لەمیعە محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان لەگەرمیان، لەبارەی هۆکاری جێبەجێنەکردنی یاساکە وەکخۆی، دەڵێت: «دیارترین کێشەی یاساکەمان سەلماندنی تاوانەکانە، چونکە هەمو تاوانێک بۆ دادگا پێویستی بەسەلماندنە، سەلماندنیش یان دەبێت شایەت هەبێت یان بەڵگەی دیار یاخود پێویستە راپۆرتی پزیشکی هەبێت، بەڵام زۆرجار بۆ ئەو کێشانەی لەناو خێزان رودەدات بەڵگەی پێویست دەستناکەوێت، بۆیە کە دۆسیەکە دەچێتە دادگا لەبەر نەبونی بەڵگە دادەخرێت».

دەرکردنی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی، دوای ساڵانێک لە هەوڵ و تەقەلا هات لەلایەن چالاکوانان و ئازادیخوازان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژنانەوە، بەڵام ئەوەی خەمی ئێستای ئەوانە، ئەوەیە کە یاساکە بەباشیی جێبەجێ ناکرێت.

شەیما جەمال، چالاکی بواری ژنان، بۆ (نەوژین) وتی: «دەرچونی یاسای توندوتیژی خێزانی جێگەی ئومێدی ژنان وچالاکوانان بو، چونکە ژنانی ئاشنا کرد بەکۆمەڵێک یاسا و بڕگە کە لە بەرژەوەندی ژنان بو کە پێشتر نەیاندەزانی».

لەبارەی جێبەجێنەکردنی یاساکەوە ئەو چالاکوانە دەڵێت: «لەگەڵ هاتنی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و ساردبونەوەی بەشێکی ئەو رێکخراو و گروپانەی کە کاریان بۆپێشخستنی ئەم یاسایە دەکرد، وایکرد کاری جێبەجێکردنی بەسستی بەڕێوەبچێت»، لایەنی جێبەجێکاری یاساکەش بەهۆکارێکی تر دەزانێت.

یەکێک لەدیارترین ئەو خاڵانەی کەوەکو «نەنگی» لە یاساکە لێکدەدرێتەوە، ئەوەیە کە حاڵەتەکانی توندوتیژی پەیوەست کردوە بۆ تۆمارکردنی سکاڵاوە لەلایەن قوربانیەکانەوە، کە زۆرجار ئەم هەنگاوە بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و نەریتیی، پاشگەزبونەوەی تێدا دەکرێت.

لەمیعە محمەد، جەختی لەم حاڵەتە کردەوەو وتی: «زۆرجار ژنان کە سکاڵا تۆماردەکەن، بەهۆکاری کۆمەڵایەتی دواتر تەنازول دەکەن».

ئەم حاڵەتەش بە رای پارێزەرێک «مافی کەسەکانە«.

ژیلا تۆفیق، هەرچەندە پاشگەزبونەوە لەسکاڵا بەمافی کەسەکان دەزانێت، بەڵام وەکخۆی وتی «هەندێکجار پاشگەزبونەوە بەبێ هیچ فشارێکە و کێشەکە چارەسەر کراوە یان رەنگە

بەرەو چارەسەرکردن بڕوات، بەڵام هەندێکجاریش ئەم پاشگەزبونەوانە لەژێر هەڕەشەو فشاردا دەبێت».

(شەیما جەمال) پێیوایە هۆکاری ئەم پاشگەزبونەوانە، پەیوەندی هەیە بە نەبونی متمانە بە یاسا «زۆرجار ژنان خۆیان باوەڕیان بەیاسا نیە، بۆیە پشت بەلایەنی کۆمەڵایەتی دەبەستن بۆچارەسەرکردنی کێشەکانیان».

بەپێی ئەم یاسایە هەرکەسێک توندوتیژی خێزانی ئەنجام بدات ئەگەر سکاڵای لەسەر تۆماربکرێت ئەوە روبەڕوی سزا دەبێتەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەی ئەگەر سکاڵا تۆمار نەکرا؟

شەیما جەمال، چالاکی ژنان، لەمبارەوە دەڵێت: «ئێمە وەکو چالاکوانان چەندجارێک داوای ئەوەمانکردوە لەمەسەلەی کوشتن وخۆکوشتنی ژنان ئەگەر سکاڵاش نەبێت لێکۆڵینەوە بکرێت».

یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی، بە یەکێک لەو پرۆژە یاسا نەوعیانە هەژمار دەکرێت کە پارلەمانی کوردستان دەریچواندوە، کەوایا داواکارییەکان بۆ هەموارکردنەوەی یاساکە بۆچییە؟

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەگەرمیان، وتی: «هەمو یاسایەک سەرەتا دادەنرێت کەموکورتی تێدا دەبێت، بۆیە پێویستە یاساکە هەمواربکرێتەوە بەشێوەیەک کەهەمو جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی تێدا باسبکرێت، چونکە ئەو یاسایە چەند ساڵێکە دەرچوەو لەوکاتەوەش تا ئێستا چەندین جۆری تاوانی تر دروستبوە».

وتیشی: «ئەگەر بمانەوێت ئەم یاسایە باشتر جێبەجێ بکرێت و توندوتیژی کەم بێتەوە، دەبێت ئەو سزایانەی لەیاساکەدا دانراوە قورس بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری کەمبونەوەی تاوانی توندوتیژی لەناو کۆمەڵدا».

ژنان لەبری چارەسەری یاسایی رو لە چارەسەری کۆمەڵایەتیی دەکەن

▪ نەوژین، ژینۆ خەلیل*

چیرۆکی ئەو ژنانە زۆرن کاتێک توشی کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەبن، لەبری یاسا و رێکارە یاساییەکان، پەنا بۆ سوڵح و رێکەوتنی کۆمەڵایەتیی دەبەن، کە زۆرجار بەمهۆیەوە زیانمەند دەبن.

وەک ژنان باسیلێوەدەکەن، هۆکارەکانی پەنا بردنە بەر سوڵح زۆرن، دیارترینیان بەهۆی عەیبەو شەرمی کۆمەڵایەتییە.

وەک هاوڕێیەکی چیرۆکەکەی بۆ (نەوژین) گێڕایەوە، (سەیران) ژنێکی تەمەن ٥٠ ساڵ بوەو خاوەنی ٦ مناڵ بوە، هەمو ژیانی هەر ئەشکەنجەو لێدان و دڵشکاندن بوە لەلایەن مێردەکەیەوە، بەڵام هەموجار لەبەر عەیبەو قسەو قسەڵۆک، نەیتوانیوە سکاڵا تۆمار بکات، کاتێکیش کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، خێزانەکەی و مناڵەکانی ئامادەنەبون سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆماربکەن، بەو پاساوەی «با لەناو خەڵک دا ئابڕویان نەچێت».

ئەگەر هەندێک لە ژنانی وەکو سەیران و خێزانەکەی، لەبەر شەرم و عەیبەی کۆمەڵایەتیی پەنا بۆ یاسا نابەن، ئەوا ژنانێکی تر هەن کە بێئومێد و رەشبینن بەرامبەر بە یاسا و وایدەبینن مافەکانیان دەستەبەر ناکات.

ژینۆ، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن ٢٨ ساڵی گەرمیانە، یازدە ساڵە لە هاوسەرەکەی جیابوەتەوە و لەو کاتەوە چاوی بە مناڵەکانی نەکەوتوە، بەو هۆیەی مێردەکەی رێگەی نادات مناڵەکانی بێنەلای.

وتی: «چەندینجار لە دادگا سکاڵام لەسەر تۆمارکردوە، بەڵام هیچیان بۆ نەکردم، تەنانەت نەمتوانی مناڵەکانیشم وەرگرمەوە».

ئەو ژنە پێیوایە لە گەرمیان دا «هیچ شتێک نیە بەناوی مافی ژنان و داکۆکیکردن لە ژن»، ئەم قسەیەشی بەوپەڕی دڵتەنگییەوە کرد، بەتایبەتی کە زیاتر لە ١٢ ساڵە مناڵەکانی نەبینیوەو بەوتەی خۆی ئێستا بیانببینێت رەنگە نەیان ناسێتەوە.

پارێزەرێک تاڕادەیەک هاوڕای (ژینۆ)یە لەو رەشبینییەی کە بۆ یاسا هەیەتی، هۆکاری ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ رۆتین و درەنگ یەکلاکردنەوەی کەیسەکان.

نەشاد عومەر، باسی لەوەکرد «کێشەی هەرە سەرەکی لە دۆسیەکانی ژنان، بونی رۆتینات و درێژیی ماوەی سکاڵا و داواکانە لەدادگاکان، بەشێوەیەک سکاڵایەک تا حوکمی تێدا دەردەچێت رەنگە ماوەکەی بچێتە چەندین ساڵ، ئەمەش بۆ ژنان هەم کاتی زۆری دەوێت هەم خەرجی زیاتر».

لە دیوێکی تری ئەم پرسەدا، هۆکاری تر هەیە، یەکێک لەوانە دەستوەردانی خێزانەکانە، کە زۆرجار بە پاساوی پاراستنی ئەوەی پێی دەوترێت ناوبانگ و شکۆی خێزانیی، پێیان قورسە بچنە دادگاو ئەو هەمو ماوەیە هاموشۆ بکەن.

زەهرا، ناوی خوازراوی ژنێکی ٣١ ساڵی گەرمیانە، ماوەی ساڵێکە مێردەکەی لە ماڵ دەریکردوەو مناڵەکانی لێسەندوەتەوە بێئەوەی تەڵاقی دابێت.

وتی: «زۆر هەوڵمداوە بچمە دادگاو سکاڵا لە مێردەکەم بکەم، بەڵام خێزانەکەم رێگەم پێنادەن و دەڵێن عەیبە ژن بچێتە دادگا، تەنانەت ناهێڵن لە ماڵیش بچمە دەرەوە بۆ ئەوەی خەڵک نەزانن تۆراوم».

ئەم حاڵەتەی زەهرا باسیلێوەدەکات، توێژەرێکی کۆمەڵایەتیی بۆ ئەو تێڕوانینەی دەگێڕێتەوە کە کۆمەڵگا بۆ ژنان هەیەتی.

خەڵات قادر، بۆ (نەوژین) وتی: «دەنگ هەڵبڕین و ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر پیاوان شتێکی بێزراوە لەچاوی کۆمەڵگادا و بەبێشەرمی سەیر دەکرێت».

بەڵام ئایا کە ژنان و خێزانەکانیان لە کاتی بونی کێشەدا بێدەنگ دەبن و سکاڵا ناکەن و پشت لە یاسا دەکەن، تاچەند گرنتی هەیە کە لەرێگە

«ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر پیاوان لەچاوی کۆمەڵگادا بەبێشەرمی سەیر دەکرێت»

کۆمەڵایەتییەکەوە مافەکانیان بۆ دەستەبەر دەبێت؟

پارێزەر (نەشاد عومەر)، وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: «هیچ کاتێک دانیشتنە کۆمەڵایەتییەکان نە باشترن لەوەی لە دادگاکان هەیە و نە دەبنە شوێنگرەوەی دادگا، چونکە لە دادگاکاندا مافە مادییەکانی ژنان شایەنی گفتوگۆ نین، بەڵام لەو چارەسەرە کۆمەڵایەتیانە هەمیشە ژن ناچارکراون تەنازول لەمافی خۆیان بکەن».

نەشاد عومەر، بەپێویستیشی زانیی خێزانەکان لەبری پەنا بردنە بەر رێکای سوڵحی کۆمەڵایەتیی، لەرێگەی یاساوە دۆسیەکە یەکلا بکەنەوە ئەگەر کاتیشی زۆر بوێت، چونکە ئەو رێگەیە بەرای خۆی، دەستبەری مافەکانی ژنان دەکات بە شێوەیەکی باشتر.

توێژەری کۆمەڵایەتی، (خەڵات قادر)، لایخۆیشیەوە جەختی لەوەکردەوە کە پشتگیریی نەکردنی ژنان لەلایەن خێزانەکانیانەوە، هۆکارن بۆ زیادبونی توندوتیژیەکان و فەوتانی ماف و تەنانەت تێکچونی بارودۆخی ژیانی ژنانیش.

* ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان

ڕەوشی ژنانی خزمەتگوزاری بیانی لەگەرمیان خراپە

ژنێکی سۆماڵی: هەستدەکەم وەکو کۆیلە مامەڵەم لەگەڵ دەکرێت

■ نەوژین، خەڵات سالەح*

مونا، ئەگەر بە دەمیش نەیوتایە، ئەوا بە قسەو ڕەفتارییدا، ڕادەی بێزاریی و نیگەرانیت لەو ژیانەی کە هەیەتی دەزانی، ئەو کە خەڵکی وڵاتی سۆماڵە، ماوەی ساڵ و نیوێکە لەگەرمیان وەکو خزمەتگوزاری ماڵان کار دەکات. ئاماژەی بەوەدا نیگەرانە لە زۆری کاتی ئیشکردنی و ئەو جیاکاریە ئیتنیەی ڕوبەڕوی دەبێتەوە.

ئـەو ژنـە، نمونەیەکە لـە ژمارەیەکی زۆرتری ژنی خزمەتگوزار کە لە وڵاتانی جیاوازی ئەفریقی و ئاسیاییەوە هاتون و لە گەرمیان گیرساونەتەوە بۆ کارکردن لە ماڵان، ئەمەش دوای ئەوەی لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردودا ژمارەی خزمەتگوزاریی ماڵان لەو نەتەوانە لە کوردستـان، بە ڕادەیەکی بەرچاو زیادیکرد.

«کارئەکـەم لـە پێنـاو تەواوکردنی خوێندنـی مناڵەکانم»، هێـلا مۆلاما، بەم وتەیە قسـەکانی دەستپێکرد. ئەو کـە ژنێکی نیپاڵی تەمەن ٤٣ سـاڵە، هاوسـەرگیریی کـردوەو خاوەنی پێنج مناڵـە، بژێویـی خێزانەکەی سـەری پێهەڵگرتوە بۆ گەرمیان.

هێلا، وتـی: «مێردەکەم لـە ماڵەوە کار نـاکات بەڵکو ئاگای لە مناڵەکانە، لەبەرامبەردا ئەرکی بەخێوکردنی ماڵەوە لەسەر منە».

ئاماژەی بەوەشـکرد نزیکەی ٣ سـاڵە لەگەرمیانەو بەگشـتی ئاسـودە بو لە کارەکەی. وتی: «خزمەتی دو هاوسەری بەتەمەن دەکەم کە هەڵسوکەوتیان باشە لەگەڵـم و وەکو ئەندامـی خێزانەکەی خۆیان سەیرم دەکەن».

تەنها ٢ جار حکومەت سەردانیکردوە، ئەویش لەلایەن مافی مرۆڤەوە

بەڵام بەپێچەوانـەی (هێلا)وە، (مونا عەبدوڵلا)، کە کچێکی تری خزمەتگوزارە لەگەرمیان، ناخۆشـحاڵە بە بارودۆخی ژیانی.

ئەو کە تەمەنی (٢٠) سـاڵەو خەڵکی وڵاتی سـۆماڵە، بۆ (نەوژیـن) وتی: «ئێمـە هاتوین تەنها ٨ سـەعات کار بکەیـن، بەڵام لە بەر نەبونی شـوێنی حەوانەوەو کات بەسـەر بردن، ناچارم لـەو ماڵـەدا بمێنمەوە کـەکاری تێدا دەکەم».

باسیلەوەشـکرد زۆر کارکردن و نەبونی شوێنی حەوانەوە، وایکردوە لەو ماڵەدا قەتیس بێت و هەسـت بـکات بەوەی وەکو کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

وتیشی: «ئازادیی و چونە دەرەوەم زۆر سنوردارە، منیش مرۆڤم زۆر شت هەیە پێویسـتمە وەک جوانکاریـی و چونە دەرەوە».

جیاکارییەکی تر کـە (مونا) ڕوبەڕوی دەبێتەوەو هێندەی تر نیگەرانی کردوە، ئەو تێڕوانینەیە کە کۆمەڵگای گەرمیان هەیەتی بۆی بەهۆی ڕەنگی پێستیەوە، ئەمـەش وادەکات زۆرجار بە نیوەڕوان بڕواتـە دەرەوە «بـۆ ئـەوەی کەس نەمبینێت».

بەپێی ئامارێکـی بەڕێوەبەرایەتی کار و ڕاهێنانـی پیشـەیی گەرمیـان، لە سـنورەکەدا (٣٠) خزمەتگوزاری بیانی لەلایـان تۆمـارە، لـەو ڕێژەیە (١٦) یـان لەرەگـەزی نێـرن و (١٤) یان لـە ڕەگەزی مێـن. هەندێک لـەو ژنە بیانیانەی هاتونەتـە گەرمیان، هاوڕێ «مرافـق»ی پیاوەکانیانن، واتا خۆیان کاری خزمەتگوزاریی ناکەن.

ڕەنگـە ئـەو شـێوازی گوزەرانەی کە تیایدان، زیاتر هاندەر بێت بۆ پەستیی و بێزاری ژنانی خزمەتگوزار لەگەرمیان، چونکە ئـەوان بەهۆی ئەوەی زۆربەیان لەماڵێکدا خزمەتگوزاریی دەکەن و هەر لەو ماڵەشـدا دەمێننەوە، ئەوا کاتێکی ئەوتۆیـان بۆ خۆیـان و ژیانی خۆیان نابێت.

بـەڵام ئایا حکومەت لەمبـارەوە چیی دەڵێت و هیچ بەدواداچونێکی کردوە؟

هێـلا، ئامـاژەی بەوەکـرد لەوەتەی لەگەرمیانـە، تەنها ٢ جـار حکومەت سـەردانیکردوە، ئەویش لەلایەن مافی مرۆڤەوە.

لەبەرامبەریشـدا، بەڕێوەبـەری کار و ڕاهێنانـی پیشـەیی گەرمیـان، کە بەرپرسن لە دۆسیەی کرێکارانی بیانی، ئاماژەی بەوەکرد کە ئەم دۆسیەیە لەم ماوەیەدا کەوتوەتە لای ئەوان و پێشتر لایان نەبوە.

عیماد تەوفیق، ڕونیکردەوە: لیژنەیەکیان پێکهێنـاوە کە لە ٢ ئافرەت پێکدێت و «چەنـد مانگ جارێک سـەردانی ئەو خزمەتگوزارانـە دەکەن»، کە دواتر بۆ (نەوژین) دەرکـەوت ئەو دو ئافرەتەی ئەندامی لیژنەکەن، هیچیان پسـپۆڕی کۆمەڵایەتیی یان دەرونی یان یاسـایی نین.

* ئەندامـی تیمـی ڕێکخـراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان

«بەشێک لە پیاوان پێیان عەیبە هاوسەر و خوشکیان کار بکەن»

■ نەوژین، زریان محەمەد

بەشێکی زۆری ژنانی گەرمیان لەو ڕاستییە گەیشتون کە کارکردن بۆ بەدەستخستنی بژێویی و سەرچاوەی دارایی، مافێکی سروشتی و گرنگیی خۆیانەو دەیانەوێت لەو ڕووەوە بڕۆنە پێشەوە، بەڵام داخراوی کۆمەڵگا و زاڵبونی دابونەریتێک کە سنوری ئازادیی ژنان دیاریی دەکات، بێبەشیان دەکات لە گەیشتن بەو مافەیان.

لەچەند سـاڵی ڕابردودا، ڕێژەی ژنانی ئیشـکەر لەگەرمیـان ڕوی لە زیادبون کـردوە، ئەویـش بەکاریگەریـی ئەو بەرەوپێشـەوەچونەی لە هۆشـیاریی کۆمەڵـگا و ژنـان دا بەدییهاتوە، کە تێگەیشـتون لەوەی هاوشـانی پیاوان ئەوانیش مافی کارکردنیان هەیە.

بەڵام ئـەم مافە، لە زۆر باردا کۆمەڵگا لێناگەڕێت ژنـان پیادەی بکەن، بەڵکو ئاسـتەنگ و بەربەسـتی بۆ دروسـت دەکات و بە پاساویی جیاواز ڕێگریی لە ژنـان دەکرێت بۆ ئەوەی کار بکەن یان بچنە پێشەوە لە کارکردن دا.

شیرین، (٢١) سـاڵ، ناوی خوازراوی کچێکی یەکێک لە گوندەکانی سـەر بە شـاری کەلارە، باس لـە ڕێگرییەکانی خێزانەکـەی دەکات لـە کارکردنـی و دەڵێـت: «من خوێندنم تـەواو کرد و دەسـتم بە کاری ڕسـتن و چنین کرد تەنهـا بۆ خێزانەکـەی خۆم، پێم باش بو کە کار بکەم و ببمە خاوەنی داهاتی خۆم، بـەڵام خێزانەکـەم ڕێگربون لە بەردەممدا».

ئاماژەی بەوەشکرد کە پێی دەڵێن نابێت بەردەوام بڕواتە بازاڕ و هاتوچۆ بکات، هەروەک ناهێڵن ئەو پارچەو فانیلانەی کە چنیونی بیانباتە بازاڕ بیانفرۆشێت، بەو پاسـاوەی «لەناو خەڵک ئابرویان دەبەم».

ئەو کچـە هێمای بۆ کرد کـە ئەوەی وایکردوە خێزانەکەی ئەم هەڵوێسـتەی لێ وەرگرن، تانەو تەشـەری دەوروبەر و خزمەکانێتی «ئەو تانەو تەشـەرانە هانـی خێزانەکەمیان ئـەدا بۆ ئەوەی واز لـەو کارە بهێنم، هەرچەند هەوڵمدا کە ڕێگریان لێبکەم، بەڵام بێسـود بو، بەڵکو ڕەفتاری توندیان بەرامبەرم نواند بەوهۆیەشەوە ناچار بوم وازمهێنا».

خزم و دەوروبەرم قسەی ناشرینیان پێدەوتم چونکە کارم دەکرد

ئێستا بەشـێکی بەرچاو لە ژنان، ئەو بۆچـون و باوەڕەیـان تێپەڕاندوە کە ئەوان بۆیان نەبێـت کار بکەن، بەڵکو دابینکردنـی سـەرچاوەی بژێویی، بە بەشێک لە ئەرکی پیاو و ژن وەک یەک دەزانن، بەڵام هەندێـک لە خێزانەکان هەمان ڕایان نییە.

پەیمان، (٢٧) سـاڵ، ناوی خوازراوی کچێکی تری شـاری کـەلارە، باس لە سەختی ژیانیان بەهۆی نەبونی داهاتێک دەکات و دەڵێـت: «مـن کچێکی بێ دایکم و براکانم لێمان جیان و باوکیشم بەتەمەنـەو ناتوانێت بژێـوی ژیانمان دابیـن بـکات، منش بەو هۆیـەوە لە دوکانێکدا کارم دەکرد بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەمان، بەڵام خزم و دەوروبەرم قسەی ناشرینیان پێدەوتم چونکە کارم دەکرد، بەڵام من گوێم نەدا و بەردەوام بوم».

وتیشـی: کە براکانم بەمەیان زانی زۆر تورەبون و ڕێگریـان لێکردم کە گوایە لە ناو خەڵک ئابڕویانم بردوە، تەنانەت ڕێگەشیان نەدا خوێندن تەواو بکەم.

پەیمـان دەشپرسـێت: کـە مـن لە کۆمەڵگایەکی لەم شـێوەیەدام، چۆن بتوانـم ببمە خاوەنی داهاتی خۆم و بە ئازادی بژیم؟

بەشـێکی زۆری کچان بـۆ ئەوەی ببن بەخاوەنی داهاتی خۆیان و ناچاری کەس نەبن بۆ دابینکردنی پێداویسـتیەکانی ژیانیان، ڕو دەکەنە ئەو سەنتەرانەی کە خولی تێدا دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی فێری کارێک ببـن، بەڵام لەوێـش کۆمەڵگا ناچارییـان دەکەن واز لـەو خەونەیان بهێنن کە بە دەستیان هێناوە.

بوشـرا، (٣٧) سـاڵ، ناوی خوازراوی کچێکی دیکەیە و دانیشـتوی شـاری کـەلارە، چیرۆکی خۆی بەمشـێوەیە دەگێڕێتەوە «من کچێکم باوکم لە ژیاندا نەمـاوە، و بێخەرجی و داهاتی خۆمم، بۆ ئەوەی فێری کارێک ببم و بتوانم لە ڕێگەیەوە داهاتێکم هەبێت کە پێی بژیم ماوەیەک بەشـداری خولێکی درومانیم کرد لە سـەنتەرێک، بـەڵام براکانم و دەوروبەرم توشی کێشەی زۆریان کردم، کـە گوایە من کچـم و دەرۆمە دەرەوە و بەهۆی منەوە خەڵک تانە و تەشـەر لە براکانـم دەدەن و من بوم بە عەیبە بۆیان».

بوشـرا، بە ڕوخسـارێکی خەماوییەوە ئەوەشـی وت: زۆر هەوڵمـدا بگەم بە خەونی خۆم، بەڵام هەڕەشەیان لێکردم دەستبەرداری ئەو ئیشەم ببم.

ئەم حاڵەتەی کە ڕوبـەڕوی ئەو ژنانە بوەتـەوە، بـەرای چالاکوانێکی ژنان، پەیوەندی بەوەوە هەیە کەتائێسـتاش کۆمەڵگا وا لە کارکـردن دەڕوانێت کە ئیشێکی نێرانەیە.

ژینۆ خەلیـل، بۆ (نەوژیـن) دەڵێت: «زۆرێک لە ژنانی ئێمە هەلی کارکردنیان بۆ ڕەخساوە، بەڵام بەهۆی سڵکردنیان لە کۆمەڵگا و دەوروبەر و نەبونی متمانە بـە خاوەنکار و دەوروبـەر، ناتوانن لە دەرەوە کاربکەن».

وتیشـی: «بەشـێک لە پیاوانی ئێمە پێیان عەیبە کە هاوسەر یان خوشکیان لە دەرەوە کار بکەن و پارە پەیدا بکە، چونکـە پێیان وایە پـارە پەیدا کردن تەنها کاری پیاوانە».

ژنێک هەمو پارەی کەلاری لەژێر دەستە

■ نەوژین، سازان مستەفا

ماوەی ٨ ساڵە، ژنێک لە کەلار لە پۆستێکی گرنگ و هەستیاردا خزمەت دەکات، کە پۆستی بەڕێوەبەری بانکە، باسلەوەدەکات لەم ماوەیەدا روبەڕوی زۆر بارودۆخ بوەتەوە، بەڵام توانیویەتی سەرکەوتو بێت تیایدا.

لەکاتێکدا بەشی زۆری بەڕێوەبەرایەتییەکانی سنوری گەرمیان بەدەستی پیاوانەوەیە، بەڵام ژمارەیەک ژن توانیویانە خۆیان لە بواری بەڕێوەبردن دا ببیننەوەو چەند ساڵێک درێژە بە کارەکانیان بدەن و تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بن. بەڕێوەبەری بانکی کەلار، یەکێکە لەو ژنە بەڕێوەبەرانە.

ئاریا ئەنوەر محەمەد، نزیکەی ٨ ساڵە بوەتە بەڕێوبەری بەڕێوەبەرایەتی بانکی کەلار، لە دیداریکی (نەوژین) دا ئاماژە بەو هەوڵانە دەکات کە بۆ پەرەدان بەو کەرتە داویەتی و دەیدات، هەروەک باسیش لە ئاستەنگ و کێشەکان دەکات.

ئاریا، بڕوانامەی دبلۆمی کارگێڕیی هەیە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٩ وەکو فەرمانبەر دەستبەکاربوەو یەکەم شوێنی کاریشی قائیمقامیەتی کەلار بوە. تا ماوەی ٣ ساڵ بەردەوام بوە لەو کارە تا ساڵی ٢٠٠٢ گواستنەوەی کردوە بو بانکی کەلار کە تاکە فەرمانبەر بوە ئیشی راپەڕاندنی کردوە.

وەک ئاماژەی پێدا، بانکی کەلار لەسەر دەستی ئەو و بەڕێوبەری پیشویان دروست بوە، تا ساڵی ٢٠٠٩ زۆربەی بەش و پلە و پۆستەکانی لە بانک دا بەسەرکەوتویی تیپەڕاندوە. هەربەهۆی ئەمەشەوە لەساڵی ٢٠٠٧ پاڵێوراوە بو خولی گەشەپێدان بۆ مەبەستی وەرگرتنی دەسەڵاتی واژوکردن کە پۆستێکی کارگێڕیی دارایی نێو بانکەو بە واژوی «با» ناسراوە.

ئەو کە ماوەی ٨ ساڵە ئەرکی بەڕێوەبردنی بەڕێوبەرایەتیی بانکی کەلاری وەرگرتوە، وەکخۆی ئاماژەی بۆدا رۆڵی هەبوە لە پەرەدان بە کاری بانکەکەو هەروەها کردنەوەی بەش و لقی بانکی دیکەی وەکو (بانکی شێروانە و بانکی کشتوکاڵی و عەقار و هی تر)، هەروەک لەم ماوەیەشدا چەندین خەڵات و رێزلێنانی پێشکەشکراوە لەبەرامبەر کارەکانی دا.

ئاریا، باسی لەوە کرد کە بۆ گەیشتن بەم پۆستە، هەوڵ و کۆششی زۆری داوەو بە ماندوبونی خۆی توانیویەتی خۆی پێبگەیەنێت.

لەبارەی کارکردنی ژنانەوە کە هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا تێبینییان لەسەر هەیەو باس لەوەدەکەن ژن لە کاردا سەرکەوتو نابێت، (ئاریا) رایەکی پێچەوانەی هەیە.

ئەو پێیوایە ژنان دەتوانن شانبەشانی پیاوان خزمەت بە کۆمەڵگا بکەن، لەوبارەوە دەڵێت: «ئافرەت دەبێت متمانەی بەخۆی هەبێت و ئیرادەیەکی وای هەبێت کە بتوانێت زاڵ بێت بەسەر هەمو ئەو گرفتانەی کە روبەڕوی دەبێتەوە».

جەختیشدەکاتەوە کە پێویستە ژنان سڵ لەوەرگرتنی پۆست وبەرپرسیارێتی نەکەنەوە لەترسی لۆمە و قسەو قسەلۆکی خەڵکی.

رەنگە بۆ ئەو ژنانەی کە لەدەرەوە کاردەکەن، کێشەی و بارگرانیان توش بێت بەهۆی ئەوەی دەبێت لە یەک کاتدا کاری ماڵەوەو کاری دەرەوەش بکەن، ئەم حاڵەتەش بۆ ئەو ژنانە قورسترە کە لە ئیشی دەرەوەدا بەرپرسیارێتی و پۆستیان هەیە.

لەوبارەیەوە، (ئاریا ئەنوەر) دەڵێت: «لەهەمو کات و ساتێک کێشە و ئاستەنگ روبەڕوم دەبێتەوە، بەڵام ئەو کێشانە نابنە رێگر لەبەردەم کارەکانم و ناهێڵم ئەو کێشانە ببنە بەربەست لەبەردەمم دا».

ئاماژەی بەوەشکرد لەم روەوە ئەوە کۆمەکی کردوە کە توانیویەتی هاوسەنگیەک لەنێوان کاری دەرەوەو ژیانی تایبەتی دا رابگرێت «توانیومە هاوسەنگی نێوان ئیشی ماڵەوە و ئیشی بەڕێوبەرایەتیەکەم بکەم بەشێوەیەکی باش».

وتیشی: «هەمو ئافرەتێک بارودۆخی جیاوازە، گرنگ ئەوەیە بتوانێت هاوسەنگی دروست بکات و سەرکەوتو بێت لە کارەکەی و ئەو بەرپرسیارێتییەی لەسەر شانێتی».

زۆرجار ژنان کە بەرپرسیارێتیی لە دەزگایەک وەردەگرن، کێشەیان ئەوەیە کە لەلایەن پیاوانەوە ئەم کارە بە قورس وەردەگیرێت.

لەوبارەوە بەڕێوبەری بانکی کەلار باسلەوەدەکات فەرمانبەرانی رەگەزی نێر لە فەرمانگەکەیان زۆرن و ئەوەی مایەی خۆشحاڵیەتی کە زۆر باش لەگەڵیاندا گونجاوە. وتیشی: «هەرگیز بەو شێوەیە مامەڵەم لەگەڵ دا نەکراوە کە من ئافرەتم و پلەم کەمتر بێت، بەڵکو هەمومان هاوکاری یەکترین، بەبێ ئەوانیش ناتوانم کارەکانم بە باشیی ئەنجام بدەم، چونکە چەپڵە بەیەک دەست لێنادرێت».

لەگەڵ شکاندنی نەریتێک و هەڵبژاردنی کارێک لەلایەن ئافرەتانەوە، زۆرجار کۆمەڵگا وخێزان دەبنە گەورەترین بەربەست و رێگریی لەپێش کارەکان دا، بەڵام رەوشەکە لەلای (ئاریا) پێچەوانەیە.

وتی: «خێزان و هاوسەرەکەم گەورەترین هاوکارمن بەتایبەتی هاوسەرەکەم، چونکە پشتیوانی ئەو نەبوایە نەمدەتوانی ئەم پۆستە وەربگرم وخزمەت بکەم».

وتیشی: «هەمو شتێک بە ئیرادەی مرۆڤ کەوتوە چ ئافرەت بێت یان پیاو، ئیرادەت هەبێت لەسەر ئەوەی بتەوێت ئەنجامی بدەیت، دڵنیابە بە دەستی دەهێنی».

لەگەڵ ئەوەشدا جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی دەبێت ژنان پەرە بەتواناى خۆیان بدەن «دەبێت کەسێکی لیهاتو و زیرەک بیت لە بوارەکەت دا، بۆ ئەوەی بە سەرکەوتویی کارەکەت ئەنجام بدەیت و بە ئامانجەکەت بگەی».

هەمو شتێک بە ئیرادەی مرۆڤ کەوتوە چ ئافرەت بێت یان پیاو

حاجی خاسە، ئەو ژنەی ٢٠ ساڵە لە باوەنور دوکاندارە

حاجی خاسەو هاوسەرەکەی لەپێش دوکانەکەیان

■ نەوژین، سەروەت باوەنوری

لەناحیەی باوەنوری سەربەقەزای کەلار، ژنێک ماوەی ٢٠ ساڵە لەتەنیشت ماڵەکەی خۆی دوکانێکی داناوەو تاوەکو ئێستاش بەردەوامە لەسەر کاری فرۆشیاری، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بونی ژنی کاسبکار لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت ناوچەی گەرمیان، کەم و دیارییکراوە.

خاسە مەحمود، ئەو ئافرەتە بەتەمەن و لێهاتوەی ناحیەی باوەنورە، کە لە چەند ساڵێک پێش کەوتنی رژێمی بەعسەوە دوکانی لەناحیەکەدا داناوە.

ئەو ئێستا تەمەنی ٧٢ ساڵە بەو تەمەنەشەوە بەردەوامە لەسەر پیشەکەی. لەدیدارێکی رۆژنامەی (نەوژین)، گەڕایەوە سەر سەرەتاکانی کارکردنی و ئەو ئاستەنگ و کێشانەی روبەڕوی بوەتەوە.

سەرەتا بە جەختکردنەوە لە بەردەوام بون لە کارەکەی و دڵخۆشیی خۆی بەو کارە دەستیپێکرد، بەم رستەیە گوزارشی لە ناخی خۆی کرد «تا دەمرم واز لەپیشەکەم ناهێنم و شانازی پێوە دەکەم».

سەبارەت بەبیرۆکەی دانانی دوکانەکەی، وتی: «سەرەتا یەکێک لەکوڕەکانم هەندێک پارەی هەبو ویستی بەو پارەیە لەنزیک ماڵی خۆمان چایخانەیەک دابنێ، بەڵام من نەمهێشت و وتم بەو پارەیە دوکانێک دادەنێنم، ئەوەبو کوڕەکەم رازیی بو».

باسیلەوەشکرد لەسەرەتادا بڕیارەکەی قورس بوە، بەڵام وردە وردە ناسراوەو سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو توانیویەتی ناوبانگێکی باش بۆخۆی پەیدا بکات، هاوکات سەرچاوەیەکی بژێویی گونجاویش بۆ خێزانەکەی دابین بکات.

خاسە، لەساڵی ٢٠١٠ دا حەجی کردوە، هەربۆیە ئێستا بە (حاجی خاسە) بانگ دەکرێت. ئەو ئەگەرچی هیچ خوێندەوارییەکی نییە، بەڵام بەردەوام بایەخ بە کەرەستەی دوکانەکەی دەدات و ناهێڵێت خواردنی بەسەرچو و خراپ لە دوکانەکەیدا هەبێت.

بە شانازیی و دڵنیاییەوە لەوبارەوە دەڵێت: «تاوەکو ئێستا لیژنەی تەندروستی دەستی بەسەر هیچ خواردنێکی ماوە بەسەرچو لەدوکانەکەمدا نەگرتوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندینجار لەلایەن لیژنەکەوە دەستخۆشیم لێکراوە».

لەپاڵ کارکردن لە دوکانەکەی دا، (حاجی خاسە) توانیویەتی کاروباری ماڵەوەش بەباشی بەڕێوەببات، ئێستا تەنها خۆی و هاوژینەکەی لەسەرماڵ ماون و تەواوی کوڕ و کچەکانی هاوسەرگیریان کردوە.

ئەو باس لەوەدەکات کە هاوسەرەکەی زۆر هاوکارێتی و بەدڵخۆشییەوە ئەوەدەخاتە رو کە بەردەوام وەکو دو هاوسەری سەرکەوتو هاوکاری یەکتر دەکەن لەبەڕێوەبردنی ئیش و کاری دوکانەکەیان دا.

سەردار، یەک لەکوڕەکانی حاجی خاسە، بەشانازییەکی قوڵەوە وتی: «دایکم جێگەی شانازییە بۆ ئێمە کەتوانیویەتی بۆ خۆی کاری فرۆشیاری بکات و هاوشێوەی پیاوان هەوڵی بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی داوە بە سەربەرزی».

بەهۆی ئەوەی کە هەندێک لەپێداویستیەکانی ئافرەتان لە دوکانەکەیدا دەست دەکەوێت، بۆیە رۆژانە ئافرەتانی ناحیەکە رودەکەنە دوکانەکەی بۆ کڕینی پێداویستیەکانیان، ئەویش بەردەوام هەوڵدەدات ئەو بیرۆکەیەیان لەلا بچەسپێنێ کە ژنان دەبێت خاوەنی ئیرادە بن.

لەوبارەوە وتی: «ئامۆژگاریم بۆ ژنان ئەوەیە کەهەرگیز گوێ بەقسەو توانجی خەڵکی نەدەن»، دەشڵێت: «ئافرەتان نابێت لەئیشکردندا شەرم بکەن، چونکە ئەوانیش وەکو پیاوان ئازادن و ئەگەر کارێکی گونجاو هەبێت بۆیان ئەوا با ئەنجامی بدەن و گوێ بەقسەی خەڵک نەدەن».

وتیشی: «من قەت خۆم بەکەم نەزانیوە، بەڵکو حسابی پیاوم بۆخۆم کردوە و هەرگیز گوێم بەقسەی خەڵکی نەداوە».

ئامۆژگاریم بۆ ژنان ئەوەیە هەرگیز گوێ بەقسەو توانجی خەڵکی نەدەن

کچانی گەرمیان شانۆ دەبەنە سەر شەقامەکان

■ نەوژین، ژینۆ سەرتیپ

خاڵێکی جیاکەرەوەی پێنجەمین ڤیستیڤاڵی شانۆی شەقام کە سەرەتای ئەم مانگی نۆڤەمبەرە لە دەربەندیخان بەڕێوەچو، بەشدارییکردنی ژمارەیەکی بەرچاوی کچان بو لە نمایشە شانۆییەکان، هەروەک بەشێکی بەرچاوی ئامادەبوانیش لە ڕەگەزی مێ بون.

بەبەشداریی ١٦ گروپی شانۆیی لە شارەکانی: (سلێمانی، کەرکوک، کەلار، کفری، دەربەندیخان، ڕانیە، کۆیە، قەڵادزێ، هەڵەبجە، زاخۆ، چەمچەماڵ و پیرەمەگرون)، لە بەرواری (١-٣/١١/٢٠١٧) پێنجەمین ڤیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی دەربەندیخان، لەو قەزایە بەڕێوەچو، کە جیاواز لە جارانی پێشو، کچان و ژنان ڕۆڵ و بەشداریی بەرچاویان تێیدا هەبو.

چاوان محەمەد، کچە شانۆکارێکی بەشداریی ڤیستیڤاڵەکە بو و لە کەلارەوە بەشداریی کردبو. باسیلەوەکرد کە زۆر دڵخۆشە بۆ یەکەمجار بەشداریی لە ڤیستیڤاڵەکەدا دەکات، هەروەک بونی کچانیشی لەم جۆرە کارە هونەرییانە بە گرنگ زانی.

وتی: «کچانیش وەکو کوڕان مافیانە بەشداریی لەمجۆرە چالاکیی و ڤیستیڤاڵانە بکەن، چونکە وادەکات ئەو چالاکی و بەرهەمانە سەرکەوتو تر بن و باشتر بچنە ناو خەڵکەوە».

ئەگەرچی لە سەرەتاکانی دروستبونی شانۆوە لەگەرمیان بەردەوام یەکێک لەکێشە گەورەکان نەبون یان کەمی ئەکتەری ژن بوە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکەو هاوشان بە کردنەوەی پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان لە سنورەکەدا، ژمارەو جۆری بەشداریی ڕەگەزی مێ لە چالاکییە هونەرییەکان و بەتایبەت شانۆ، روی لە زیاد بون کردوە.

لاولاوعەبدولڕەحمان، کە کچە شانۆکارێکی دەربەندیخانە، جەخت لەم بۆچونە دەکاتەوە.

ئەو کە لەگەڵ گروپی شانۆی دەربەندیخان دا بەشداریی شانۆیەکی کردبو بە ناوی (بخۆر)، ئاماژە بەوەدەکات کە ڕێژەی بەشداریی ژنانی شانۆکار تادێت رو لە زیادبونە.

بۆ (نەوژین) وتی: «گرنگە ئافرەت لە هەموو کارێکی هونەری دا هەبێت، هیوادارم کچان ئەو کۆت و بەندانە بشکێنن کەلەڕێگەی بەشدارییکردنیان دان و بەهرەکانی خۆیان پیشانی خەڵکی بدەن».

لە ڤیستیڤاڵەکەدا، ١٢ کچە ئەکتەر بە ڕۆڵگێڕان لە شانۆگەرییە جیاجیاکانی شار و قەزا جیاوازەکان، بەشدارییان کردبو، ئەمەش وایکردوە کە لەچاوی بینەرانیشەوە وەکو بەرەوپێشەوەچونێک هەژمار بکرێت.

سەردار ئەکرەم، یەکێک لە بینەرانی نمایشەیەکانی ڤیستیڤاڵەکە بو کەلە قەزای کۆیەوە هاتبوە دەربەندیخان، بۆ (نەوژین) وتی: «هەروەک چۆن مەل بە باڵێک نافڕێت، بەهەمان شێوە کاری هونەری بە بێ ئافرەت ناکرێت».

وریا حەسەن، ئامادەبویەکی تری ڤیستیڤاڵەکە بو، ئاماژەی بەوەکرد بونی کچان لە شانۆ وهونەردا بەگشتی زۆر پێویست و گرنگە، چونکە وەکخۆی وتی: «کچان تەواوکەری هونەرن، بۆیە ئومێدەوارم ساڵی داهاتو ڕێژەیەکی زۆرتری کچان لە نمایشە شانۆییەکاندا ببینم».

هاوکات (سەردار ئەکرەم) پێیوابو کە بەشداری کردنی ئافرەتان لەمجۆرە ڤیستیڤاڵانە دەریدەخات کە ئاستی ڕۆشنبیری ئەو ناوچەیە چۆنە.

لەپاڵ ئەم بۆچونەدا، ژنە شانۆکارێک وایدەبینێت کە تەنها بەشدارییکردن بەس نییە، بەڵکو دەبێت ژنان لەکایەی هونەردا ڕۆڵی فیعلیی و بەرجەستەیان هەبێت.

شانازمحەمەد، شانۆکار و ئەندامی لیژنەی دادوەریی ڤیستیڤاڵەکە، بە (نەوژین)ی وت: «زۆر گرنگە کچان بەشداریی شانۆی شەقام بکەن و بەگرنگیەوە لێی بڕوانن و وەکو کار یان شانۆیەکی لاوەکی سەیری نەکەن».

ئاماژەی بەوەشدا کە شانۆی شەقام تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەگەڵ بینەردا کارلێک دەکات، بۆیە گرنگە کچانی شانۆکار ئامادەکاریی بۆ ئەوە بکەن کە بەریەککەوتنیان لەگەڵ بینەردا زۆر زیاترە.

لەشیکاریی هۆی زیادبونی ژمارەی کچانی شانۆکار لەگەرمیان و دەوروبەری، ئەو شانۆکارە وتی: «هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەخەڵکی تاڕادەیەکی باش هۆشیار بونەتەوەو تێگەیشتون لەوەی بون و بەشداریی کچان لەکاری هونەریدا، بەقەدەر بەشداریی کوڕان گرنگە».

نارینێک لە ڕۆژئاواوە

■ نەوژین

پێمبدە:
گوڵێکی هەتیو،
پاییزێکی گوناه،
ئاگرێکی بێزار لە ئومێد.
پێتدەبەخشم:
دارستانێکی بەرین،
موڵکێک لە بەهار،
مەشخەڵێک لە پەلکەزێڕینە.

ئەم دێڕە شیعرانە، دەربڕی ناخی ژنێکی نزیکە، نزیک لە خەم و کۆژانی ژنان و ئازاری میلەتەکەی. ئەو ژنەش (نارین عومەر)ە.

ژنە شاعیر و لێکۆڵەری کورد (نارین عومەر)، لە دیریک لە ڕۆژئاوای کوردستان هاتوەتە دونیاوە، بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆی دیمەشق تەواو کردوە، ساڵانێکە بەهەردو زمانی کوردی و عەرەبی، شیعر و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە دەنوسێت، ئەگەرچی زۆرتر وەکو شاعیرێک دەرکەوتوە.

نارین لە دیدارێکی سایتی «صحيفه المثقف» دا، باسلەئەزمونی شیعریی خۆی دەکات و ئاماژە بەوەدەکات هەر لەمناڵییەوە چرۆی شیعر لەناخی دا گەشەی کردوە، ئەمیش هاوشانی حەزی خۆی بۆ خوێندنەوەو نوسین و گوێگرتن لە مۆزیک و گۆرانی، کە ئەمەی دواییان واتا مۆزیک و گۆرانی وایلێکردوە زۆرتر حەز بکات لەنوسینەوەی شیعریی گۆرانی ئامێز «لیریک».

ئەو ئێستا خاوەنی سەروی ٢٠ دانراوە لە بواری شیعر و لێکۆڵینەوە، بەڵام تائێستا تەنها دو دانەیانی بڵاوکردوەتەوە، کە دو کۆمەڵە شیعرن یەکێکیان بەزمانی کوردی و ئەوی دیکەشیان بە زمانی عەرەبی.

لەنێو دانراوەکانی دا، چەند لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و هونەریی هەن، لەوانەش لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی دیاردەی قەیرەیی لەکۆمەڵگادا، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی دی لەبارەی تاوانی ناموسپارێزی، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی لەبارەی ژنانی هونەرمەندی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستا.

بەوپێیەی زۆرێک لە شیعرەکانی بەشێوازی لیریک نوسیوە، هەربۆیە سەروی ١٠ هونەرمەند تائێستا تێکستەکانیان کردوەتە گۆرانی، وەکخۆی باسی لێوەدەکات بەشێکی بەرچاوی ئەو تێکستانە، ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیەو پەیوەندیان بە بۆنە نەتەوەییە کوردیەکانەوە هەیە لەسەروی هەمویانەوە نەورۆز.

> دەبێت شاعیر
> خۆشی و تاڵی
> لەگەڵ کۆمەڵگاکەی
> دا بەش بکات

بەپێچەوانەی ئەو ڕایەوە کەوایدەبینێت شاعیر پێویستە لە چوغز و جیهانێکی تایبەت بەخۆیدا بخولێتەوە، (نارین عومەر) وایدەبینێت دەبێت شاعیر لە کۆمەڵگەکەیەوە نزیک بێت و لەگەڵیاندا خۆشی و تاڵی بەش بکات، بەشێوەیەک خۆی لە ئاستێک و میللەت لە ئاستێکی دیکە نەبینێت، هەر ئەم هۆکارەش بە هۆی جەماوەریی بونی شاعیر دەزانێت.

لەبارەی شیعری کوردیەوە، (نارین) ئاماژە بەوەدەکات کە بەپێی پێویست هەقی پێنەدراوە، بەتایبەتی باس لە ڕۆژئاوا دەکات کە زۆرێک لە کوردەکانی ئەو پارچەیە زمانی کوردیان بۆ نوسین و قسەکردن بەکارنەهێناوە، بەڵام وەکخۆی وتی لەم چەند ساڵەی ڕابردو حەزی خەڵکی بۆ بەکارهێنانی زمانەکەو نوسین بە کوردی زیادی کردوە.

هاوکات ڕەخنەو گلەیی زۆرە لەوەی بەشی پێویست گرنگیی بە هونەرمەندان نادرێت، ئەگەرچی خاوەنی هونەرێکی ڕەسەنن و ڕۆڵیان هەبوە لە پاراستنی کەلتوری کوردیی و ژێرخاک نەبونی، هەر ئەم گرنگیپێنەدانەش وایلێکردوە چەندیین وتار لەوبارەوە بنوسێت.

لەبارەی ڕەوشی ژنانەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان، (نارین عومەر) ئەوەدەخاتە رو کە ژنان ئەرک و بەرپرسیارێتییان زۆرەو پێویستیان بە تێکۆشانی زۆر هەیە.

ئاماژەی بەوەکرد کە پێش ئازادبونی ئەو پارچەیەی کوردستان لەساڵی ٢٠١١ بەدواوە، بارودۆخ بۆ چالاکیی ژنان قورس بوەو ژمارەی چالاکوانانی ژن لە پەنجەکانی دەست پێپەڕیان نەکردوە، بەڵام دواتر ژمارەکان بەرەو هەڵکشان چون و بەشداریی ژنان بەهێز بوە.

ئەو ژنە شاعیرە پێیوایە کە ژنان ئێستا پێویستیان بە تێکۆشانی زیاتر هەیە، داوادەکات دوربکەونەوە لەخۆپەرستی، چونکە کاری زۆر ماوە ژنان ئەنجامی بدەن و پێی هەستن.

ژنان کەمتر لە ٦٪ی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی گەرمیان پێکدێنن

گەرمیان.. مامۆستای ژنی زۆر و بەڕێوەبەری ژنی زۆر کەم

> بەهۆی ئیشوکاری ماڵەوە مامۆستایانی ژن بەڕێوەبەریی ناکەن

■ نەوژین، ئەسما کەریم

ئەگەرچی ژمارەی مامۆستایانی ژن لەگەرمیان بە سەدانە، بەڵام بە دەگمەنی ئەو مامۆستایانە پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیان وەرگرتوە، مامۆستایانیش لە هەردو رەگەز هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی ئەو پۆستە سەرقاڵیی زۆرەو کەمتر ژنان خۆیان لە قەرەی دەدەن.

هەرچەند لە ئێستا و رابردوشدا لە ناوەندەکانی خوێندن دا لە گەرمیان ژمارەیەکی زۆر و بەرچاوی مامۆستای لە رەگەزی مێ تێدا بوە لە بوار و پسپۆڕیی جیاواز، بەڵام رێژەیەکی کەم لەم ژنانە توانیویانە پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان وەربگرن.

بە پێی ئامارێک کە (نەوژین) لە پەروەردەی گەرمیانەوە دەستی کەوتوە، لە سنوری ئیدارەی گەرمیان دا ٣٤٠ قوتابخانە هەیە، لە کۆی ئەم قوتابخانانە تەنها ٢٠ قوتابخانەیان بەرێوبەرەکەی ژنە، ئەم رێژەیەش دەکاتە کەمتر لە ٦٪.

لەبارەی کەمیی رێژەی بەڕێوەبەری ژنەوە، روخۆش رەئوف، (٤٣) ساڵ، بەڕێوبەری ئامادەیی شێروانەی کچانە لەکەلار، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنان لەماڵەوەدا ئەرکێکی زۆریان لەسەر شانە وەکو بەخێوکردنی منالٚ و ئیشوکاری ماڵەوە».

ئەو بەڕێوەبەر جەختلەوەدەکاتەوە کە ئەرکی بەڕێوەبەری قوتابخانە، ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی قورس و گرانە، بۆیە زۆرجار ژنان خۆیانی لێدەبوێرن، ئەویش بەوهۆیەی ئەرکی دیکەی پەروەدەییان لەسەر شانە لەنێو خێزانەکانیان دا.

ئەم خاڵە، توێژەرێکی کۆمەڵایەتیی لە قوتابخانەکاندا، جەختی لێکردەوە، ئاماژەی بەوەکرد کە زۆرجار ژنان بەتایبەت کە خێزاندار بن، بەهۆی سەرقاڵیەوە ناتوانن ئەم ئەرکەش بگرنە ئەستۆ.

شەرمین حسام، (٢٩) ساڵ، توێژەری کۆمەڵایەتی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «زۆرجار داواکاری بون بە بەڕێوەبەر ئاراستەی ژنان دەکرێت، بەڵام بەهۆی کەمی کات و ئیشوکاری ماڵەوە و بەخێوکردنی منالەوە، ئەم داوایە رەت دەکەنەوە«.

ئەوەی تائێستا باسکراوە، ژنان قسەیان لەبارەوە کردوە، بەڵام ئایا رای پیاوان و بەتایبەت پیاوانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان چییە؟

بە پێی وتەی یەکێک لە بەرێوبەرە پیاوەکان، خێزان و کۆمەڵگا بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی کەمی بونی بەرێوبەری ژن دادەنرێت لە قوتابخانەکاندا.

محەمەد مەحمود، بەرێوبەری قوتابخانەی کانی بنەڕەتی، بۆ (نەوژین) وتی: «رەگەزی مێینە فشاری زیاتری خێزانیان لەسەرە بۆ پاراستنیان لە لادەرەکانی ناو کۆمەڵگا ئەم هەڵسوکەوتەش لەگەڵ رەگەزی مێینەدا وا دەکات کەسایەتی هێندە بە هێزی نەبێت کە بتوانێت رابەرایەتی قوتابخانەیەک بکات».

بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەی رەوشتی کچان، ئەم بۆچونە سەرلەبەر رەد دەکاتەوە.

روخۆش رەئوف، وتی: «توانای ژن هیچ کەمتر نیە لە توانای پیاو».

لەبەرامبەر ئەم دو بۆچونەدا، چالاکوانێکی بواری ژنان، پەروەردە بە کەمتەرخەم دەزانێت، کە دەرفەتی یەکسان بۆ هەردو رەگەز ناڕەخسێنن بۆ ئەوەی پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان وەربگرن.

پەیمان ئەمین، چالاکوانی بواری ژنان دەڵێت: «سەرباری زۆری مامۆستای ژن لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڵام زۆر بە کەمی ژنان وەکو بەرێوبەر دەردەکەون».

ئەو کە هاوکات خۆیشی مامۆستایە، لە شیکردنەوەی هۆکاری ئەم حاڵەتە وتی: «هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی لە مامۆستا زیاترە لە ناوەندەکانی خوێندندا بەو پێیەی کاروبارەکانی بەرێوبەر زیاتر سەرقاڵی ئەوێت بە چونە دەرەوە و کاروباری دەرەوەی قوتابخانە«.

لەبەرامبەر ئەم رەخنەو تێبینیانەدا، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، تۆپەکە دەخاتە گۆڕەپانی خودی مامۆستایان.

م. دارا ئەحمەد، بە (نەوژین)ی راگەیاند: «بەشداریکردنی مامۆستایانی ئافرەت لە ئیدارەی قوتابخانەکان پەیوەندی بە خودی مامۆستاکانەوە خۆیان هەیە». ئەوەشی خستەڕو: «ئەگەر هەر مامۆستایەک مەرجەکانی توانای ئیدارەدانی تیابێت بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە، بەبێ جیاوازی رەگەزی ئێمە ئەیکەین بە بەڕێوەبەر».

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، رەدیکردەوە کە ئەوان رێگریی بکەن لە دەستبەکاربونی مامۆستایانی ژن وەکو بەڕێوەبەر.

وتیشی: «ئەوە مامۆستایانی ئافرەت خۆیانن کە نایانەوێت بێنە پێشەوەو ببن بە بەڕێوەبەر، نەک ئێمە رێژە دیاری بکەین بۆ بەڕێوەبەری پیاو و ئافرەت».

ئەزمونی جیاوازی دو کچە خوێندکاری گەرمیانی

دو هاوڕێی نزیک ٦ ساڵە لەخوێندن دا کێبڕکێی یەک دەکەن

■ نەوژین، نازەنین گۆران

لای ئێمە بەردەوام بونی ململانێ و کێبڕکێ (منافسە) بەوە ناسراوە کە کارێکی خراپ و نەشیاوە لەنێوان هاوڕێکاندا، بەڵام دو کچ لە گەرمیان، ئەم بۆچونە دەگۆڕن و لەرێگەی کێبڕکێیەکی شەش ساڵییەوە، توانیویانە پەرە بەئاستی خوێندنی خۆیان بدەن و دواقۆناغی ئامادەیی، بە پلەیەکی بەرزەوە ببڕن.

(خێلان) و (کانی)، دو کچە خوێندکاری دانیشتوی کەلارن کە ئەمساڵ پۆلی ١٢ی ئامادەییان تەواو کردوە. ئەوان لەگەڵ پێنانە نێو پۆلی ٧ی بنەڕەتیەوە، دەستدەکەن بە کێبڕکێکردنی یەکتری لەوەی کامیان نمرەی بەرزتر و باشتر لە خوێندن دا بەدەست دێنێت، ئەم ململانێیەش بەردەوام پێدەدەن هەتا یەکەمیان لە کۆلێژی (پزیشکیی گشتی) و دوەمیشیان لە کۆلێژی (پزیشکی ددان) وەردەگیرێت.

خێڵان عوسمان محەمەد، ١٧ ساڵ، لە قسەکردنی بۆ (نەوژین) گەڕایەوە سەرەتاکانی یەکتر ناسینیان و وتی: «من و کانی لە پۆلی شەشەوە یەکترمان ناسی و هەر لەو کاتەشەوە مونافسی یەکتربوینە هە تاپۆلی دوانزە، لەماوەیەدا هەندێکجار ئەو لە پێشەوە بوە و هەندێکجاریش من».

بەدرێژایی ٦ ساڵی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی، ئەم دو کچە بەردەوام دەبن لە کێبڕکێکردن و هەموساڵێکیش بە پلەی بەرز پۆلەکەیان دەبڕن، تەنانەت (خێلان) لەپۆلی نۆهەم دا یەکەمی خوێندگاکەی و سێیەمی گەرمیان دەبێت.

لەپاڵ کێبڕکێکردن دا، خێڵان و کانی هەمو گرنگییەکیان بەخوێندنەکەیان داوە، ئامانجیشیان ئەوەبوە بەرزترین پلە بەدەست بێنن و لە کۆلێژی پزیشکیی وەربگیرێن.

لەبارەی شێوازی خوێندن و سەعی کردنیانەوە، کانی هەیاس محەمەد، ١٧ ساڵ، بۆ (نەوژین) رونیکردەوە: هەرگیز هەستیان بەماندو بون نەکردوە.

وتی: «هیچ کات هەستمان بەماندو بون نەکردوە، چونکە هەردەم بیرمان لای خەونەکەمان بوە».

لەبارەی شێوازی خوێندنیشیانەوە ئەوەی سەربار کرد کە بەپێی خشتەی رۆژانە خوێندنیان کردوە و تێکڕا رۆژانە نزیکەی هەشت کاتژمێر سەعی و خوێندنی کردوە.

(خێڵان)یش باسلەوەدەکات کە تەنانەت لەکاتی چونی بۆ گەشتە خێزانیەکانیش دا کتێبەکانی لەگەڵ خۆیدا بردوەو خوێندویەتی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی «هەردەم بیرم لای خەونەکەم بوە».

ئەم دو کچە راستە وەکو دو کێبڕکێکاری یەکدی خوێندویانە، بەڵام هاوکات دو هاوڕێی نزیکی یەکتریشن، هەر ئەمەشە وایکردوە کە تاڕادەیەک کارەکەیان بەلای هاوڕێکانی دیکەیانەوە نامۆ بێت.

گۆنا ئیبراهیم، کە هاورێیەکی ئەو دو کچەیە، بۆ (نەوژین) وتی: «خێڵان و کانی جگە لەوەی منافسی یەکتربون، دو هاوڕێی باشی یەکتری بون، بۆیە ئەمە مایەی سەرسوڕمان بو».

باسیلەوەشکرد کە بەردەوام پێکەوە تێکۆشاون و هاوکاری یەکتریان کردوە. وادیارە ئەم تێکۆشان و هاوکاریە بەدرێژایی شەش ساڵ بەهەدەر نەچوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەرەنجامێکی باشی هەبوەو هەردو خوێندکارەکە توانیویانە بە پلەیەکی باش بگەن، ئەگەرچی خەونی (خێلان) بەدیارییکراوی ئەوە نەبوە کە ویستویەتی.

وتی: «راستە خەونی من پزیشکی گشتی بو، بەڵام دڵتەنگ نیم کە ناوم لەپزیشکی ددان هاتەوەو ئەویش لەو چوارچێوەدایە کە من حەزم لێی بوە»، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ بایکۆتی مامۆستایان و هەروەها خراپی ئاستی هەندێک مامۆستای دیکەیان.

بەڵام (کانی) نەگەیشتنی (خێڵان) بەخەونەکەی، دەچوێنێ بە بەدینەهاتنی خەونی هەزاران خوێندکاری تر و هۆکارەکەشی بەتەنها دەگەڕێنێتەوە بۆ «بایکۆت».

لەگەڵ ئەمەشدا ئەو پلەیەی کە ئەم دو کچە خوێندکارە بەدەستیانهێناوە، بەلای مامۆستاکانیانەوە مایەی موفاجەئە نەبون، چونکە ئەوان وەکو دو کچی زیرەک و بەتوانا ناسراون لە خوێندنگەکەیان.

ئاکۆ جەوهەر، کە مامۆستایەکی ئەم دو خوێندکارەیە، دەڵێت: (خێڵان) و (کانی) دو خوێندکاری سەرکەوتو بون و لەهەمان کاتدا زۆر خەمخۆری خوێندنەکەیان بون و بەردەوام هەوڵیان دەدا کە لە هەمو شت تێبگەن».

سەبارەت بە کێبڕکێکردنیشیان بۆ نمرەی بەرز، (م.ئاکۆ) پەسنی کارەکەیانی دا و وتی: «ئەو جۆرە منافسەیە لەنێوان خوێندکاراندا لەپێناو نمرە و داهاتویەکی باش، کارێکی جوان و باشە».

٢٥ نۆڤەمبەر، لە دۆمینیکانەوە بۆ کوردستان

توندوتیژی دژی ژنان فۆرمێکی جیهانی وەرگرتو

قوربانیەکانی ئێمە هەمیشە ژنانی ئاسایی بون نەک چالاکوانان

■ گوڵباخ حەسەن

٢٥ نۆڤەمبەری هەمو ساڵێک رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژییە دژ بە ژنان. دەستنیشانکردنی رۆژی ٢٥ نۆڤەمبەر بە رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، دەگەڕێتەوە بۆ رۆژی تیرۆرکردنی (خوشکانی میرابال).

(خوشکانی میرابال) پێکهاتبون لە سێ خوشک کە ئۆپۆزسیۆن و چالاکی سیاسی بون لە کۆماری (دۆمینیکان) دژ بە سیستەمی حوکمڕانی دیکتاتۆریی (رافاییل تروخیلو) کە ئەو کات فەرمانڕەوای وڵاتەکە بو. لە ساڵی ١٩٦٠ بەدڕندانەترین شێوە لەلایەن پیاوانی رژێمەکەی ناوبراو تیرۆر کران.
(خوشکانی میرابال) لە چوارچێوەی رێکخراوێکی سیاسی بە ناوی (بزوتنەوەی چواردەی یۆنیۆ) خەباتی سیاسییان دژ بە رژێمی دیکتاتۆری بەڕێوە برد، بەڵام سەرەنجامیان تیرۆکردن بو.
بەڵام دوای تیرۆرکردنیان، ئەم خوشکانە ناوبانگیان زیاتر گەشایەوەو بون بە هێمای خەباتکردن بۆ ئازادی و یەکسانی و کۆتاییهێنان بە چەوساندنەوەی ژنان.
نەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٧ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٩ بڕیاریدا ٢٥ی نۆڤەمبەر، واتا رۆژی تیرۆرکردنی ئەوان، وەک رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بناسێنێت.
ئەگەر ئەم چیرۆکە گرێ بدەینەوە لەگەڵ چیرۆکی قوربانیانی ژنانی کورد بێگومان کۆمەڵگەی کوردیش دەیان و سەدان چیرۆکی قوربانی ژنانی هەیە.
ژنانی قوربانی لە رابرد و ئێستادا ویستویانە روبەڕوی کەلتوری پیاوسالاری ببنەوە.
ئەوان لەپێناو داوا و مافە سەرەتایەکانیان لەهەڵبژاردنی ژیانیان بەخواستی خۆیان، بونەتە قوربانی، ئیتر چ کوژرا بن یان بێدەنگ کرابن، یاخود ناچار بەخۆکوشتن کراون.
ئەوەی چیرۆکی ژنانی ئێمە لەچیرۆکی خوشکانی (میرابال) جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە قوربانیەکانی ئێمە هەمیشە ژنانی ئاسایی بون نەک چالاکوانانی بواری یەکسانی خوازیی و مافەکانی ژنان، لەمەوە دەگەینە ئەو واقعەی کەئێمەی چالاکوانان کەمتر خواستی راستەقینەمان هەبوە بۆ قوربانیدان و گۆڕانکاریی و باشترکردنی رەوشی ژنان.
سەرباری ئەوەش نەمان توانیوە دۆسیەی ئەو هەزاران قوربانیەی ژنان کە لەماوەی رابردودا بونەتە قوربانی، بەشێوەیەک ئاراستە بکەین کە کۆی ژیان و رەوشی ژنانی پێ بگۆڕین.
ئەگەر ئاوڕێک لە تێپەڕبون بەسەر چارەکە سەدەیەک لەخەباتی ژنانی یەکسانیخوازی کۆمەڵگەی کوردیدا بدەینەوە، ئەوا بۆمان روندەبێتەوە هێشتا هەنگاوەکانمان بەپێی پێویست نەنراون، بەڵکو هەندێکجاریش بۆ دواوە سەرچاوەی گرتوە، بەوەی هەمیشە هەوڵەکان بێ ئاکام و توندوتیژیەکان لەزیادبوندان.
پرسیار ئەوەیە: کێ لەمە بەرپرسە و هۆکارەکان چین؟
بەرای من خراپی ئەدای رێکخراوەکان و چالاکوانان، خراپی سیستەمی بەڕێوەبردن، نەبونی هوشیاری ئابوری و یاسایی گونجاو، ژینگەو کەلتور، ئەمانە هۆکارو رێگە خۆشکەربون بۆئەوەی ژنان باوەڕیان بە یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان لە رێگەی یاساییەوە نەبێت، وەک هەمیشە یان رێگەی دیوەخانەکانیان گرتوەتەبەر بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان، یاخود پەنایان بۆ خۆکوشتن بردوە.
ئێمە رەنگە نەتوانین رەگی توندوتیژی بەتەواوی ببڕین، چونکە توندوتیژی دژی ژنان فۆڕمێکی جیهانی وەرگرتوە، بەڵام شوێن و کلتور و ئاین و یاسا رۆشنبیریی و ئابوری، رۆڵی خۆی بینیوە لەجیاوازیەکان لەباش و خراپ و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کەبەداخەوە هەمیشە کۆمەڵگەی کوردی ئەم شتانەی سەرەوەی تیادا لاسەنگ بوەو بەردەوامیش تیایدا ئەو بابەتانە بە دژی ژن شکاوەتەوە.
ناتوانین حاشا لەوەش بکەین کە ئێمەی ژنانیش تەواوکەر و هاوکاری پیاو بوینە لە ئەنجامدان و رێگەخۆشکردن بۆ توندوتیژیەکان، بەو پێیەی هەمیشە دایکان جۆرێک لەپەروەردەی پشتاو پشتیان بۆ ماوەتە لەکەلتوری داسەپاوی پیاوسالاریدا و هەوڵی رۆشنبیرکردنی وەچەکانیان نەداوە، نەیانتوانیوە پیاوێک پەروەردە بکەن کە رێز لەژن بگرێ و مافەکانی پێشێل نەکات، یاخود کچێک دروست بکەن کە لەبەرامبەر پێشیلکردنی مافەکانیدا بێ دەنگ نەبێت.
بۆیە زۆری فەراغەکانی وەکو: (نەبونی ئابوری سەربەخۆ، رۆشنبیری، ژینگەی گونجاو، یاسای گونجاو، کلتوری تەندروست، لایەن و پەناگەی لەبار) لەبەرژەوندی ئەو نەبێت.
ئەو هەمو فەراغە و نەبونی فەزای ئازاد ژنانی ناچار بەگرتنەبەری رێگەکانی (خۆکوشتن، بێدەنگ بون و یاخود تەسلیم بون) بەو واقعەی کە تیایدایە.
فەراهەم نەبونی داوا و مافەکانی ژنان و هەوڵەبێ ئاکامەکان، کۆی کۆمەڵگاو سیستەم و یاسا، رێکخراوەکان، چالاکوانان بەشداری، لێی بەرپرسیارن، تاوانبارو بەشداری ئەو تاوانانەن لەم کۆمەڵگەیەدا دەرحەق بە ژن دەکرێت.
کاتی ئەوە هاتوە لایەنی پیوەندیدار بە پرسی توندوتیژی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بیر لە رێگەچارەی نوێ و گونجاو و چارەسەری کورت و خێرا بکەنەوە، وەکچۆن هەمیشە بۆ پێکانی ئامانج، پێویستە کورتترین و کەمترین رێگە ببڕین بە کەمترین تێچو، لەپێناو گەیشتن بە زۆرترین ئامانج.
لەم روەشەوە بەبڕوای من پێویستە روحی قوربانیدان و روبەڕوبونەوە لە ناخی تاکەکاندا دروست بکەین، پێویستە لە خێزانەکانەوە دەست پێ بکەین، ئەوان سەرەکی ترین رێگەن کە ئەتوانین گۆڕانکاری باش لەوێوە دروستبکەین.
هۆشیاریی، ئەو پنت و خاڵە گرنگەیە کە پێویستی بە ئیش لەسەرکردنی زیاتر هەیە، چونکە کە تاک هۆشیار دەبێت، هیچ هێز و یاسا و کلتورێک ناتوانی رێگر بێت لە خواستەکانی، لەپێش هەمو خواستەکانیشەوە بەدەستهێنانی ئازادیی و یەکسانیی و دورکەوتنەوە لەتوندوتیژی.

ژنان، قوربانییە بێ بەرگیرییەکانی جەنگ

■ ئاسیا حسێن

ژنان ئەو تاکانەی کۆمەڵگان کە هیچ دەستێکیان لە هەڵگیرساندنی جەنگدا نیە، بەڵام لەماوەی جەنگدا زۆرترین قوربانی دەدەن و بە (قوربانییە بێ بەرگیرییەکانی جەنگ) ناسراون. توندوتیژی دژی ژنان لە ماوەی جەنگەکاندا دەگاتە لوتکە و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هیچ وەڵامێکیان بۆ پاراستنی ژنان لە ئاسەوارەکانی جەنگ پێ نییە.

ژنان لەماوەی جەنگدا بەشێوازی جۆراوجۆر قوربانی دەدەن، بۆنمونە: (ئاوارەبون، لەدەستدانی ماڵ، لەدەستدانی کەسە نزیکەکان، لێکترازانی خێزانەکان، کوشتنی ژنان لە هێرشە جیاوازەکانی جەنگدا و بە کۆیلە کردن)، بەڵام لەهەمویان باوتر دەستدرێژی سێکسیە کە بەنزیکەیی وەکو چەک لە جەنگەکاندا بەکار دەهێنرێت. دەستدرێژی سێکسیە، درێژخایەنترین و سەختترین برین لەسەر جەستە و دەرونی ژنان جێدەهێڵێت.
ئێستا چیرۆکی ژنان و کچان لە ماوەی جەنگدا زیاتر باس دەکرێن و جێی سەرنجی میدیا و رێکخراوە جیهانییەکانن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە چارەسەر کرابن یاخود رێگایەک دیاری کرابێت بۆ پاراستنی ژنان لە ئاسەوارەکانی جەنگ.
هیلاری کلینتۆن، لەبارەی ژن و جەنگەوە دەڵێت: «رەنگە ژمارەیەکی کەمی ژنان لە بەرەکانی جەنگدا بە گولەی دوژمن بکوژرێن، بەڵام هێشتاش قوربانی جەنگەکانن، چونکە ئەوان هاوسەر و کوڕ و برا و باوکیان لەدەست دەدەن».
لەماوەی جەنگەکاندا ژنان دەکوژرێن، بریندار دەکرێن، دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، بازرگانی بە ئەندامەکانی جەستەیانەوە دەکرێت و ژمارەیەکی زۆریشیان ئاوارە دەبن، دیسان لە ماوەی ئاوارەبونیشدا ژمارەیەکیان لە برسێتیی و تینوێتییدا گیان لەدەست دەدەن.
ژنان بینەری گیان لەدەستدانی مناڵ و خزم و کەسە نزیکەکانیان دەبن، چەندین شێوازی ئەشکەنجەدان ئەزمون دەکەن، بۆیە دەبنە خاوەن دەرونێکی ناجێگیر و ناسەلامەت، کە تەنانەت دوای کۆتایهاتنی جەنگیش ناتوانن بگەڕێنەوە سەر باری دەرونی ئاسایی.
بۆیە قوربانیدانەکانی ژن تەنها لەماوەی جەنگدا نییە، بەڵکو دەیان ساڵ دوای تەواوبونی جەنگیش، ژنان بە روح و دەرون ئازار دەچێژن.
ئولویە مارتین، بەڕێوبەری کۆمیتەی خاچی سور لە ئێران، لە وتارێکیدا لە بارەی کاریگەری جەنگ لەسەر ژنان، دەڵێت: «من لەماوەی ئیشەکەمدا لە نزیکەوە بینەری رەنج و ئازاری ژنان بوم لە جەنگەکاندا، ژنان لەگەڵ ئەوەی لەبەرەکانی جەنگدا زۆر نابینێرن، بەڵام ئەرکێکی قورسیان لەسەرشانە. ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان لە جەنگن دەبنە بەخێوکەری خێزانەکەیان، ئەوان لە چاوەڕوانی هاتنەوەی مێردەکانیان لە جەنگ، توشی دەرونێکی ئاڵۆز و نائارام دەبن کە ئەمەش کاریگەری راستەوخۆ لەسەر جەستە و دەرونیان بەجێ دەهێڵێت».
هەروەها خانمە هونەرمەند (ئانجیلینا جولی) کە وەکو باڵیۆزی نیازپاکی نەتەوەیەکگرتوەکان کاردەکات، لەم بارەیەوە دەڵێت: «دەستدرێژی سێکسی وەکو چەک و تاکتیکێکی جەنگی لێهاتوە، کە لە هەمو جەنگێکدا دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت».
ئەو ژنانەی کە لەماوەی جەنگدا توشی توندوتیژی دەبنەوە، تا چەندین ساڵ دوای جەنگیش لەگەڵ دەرونێکی نائارام و ناجێگیردا دەژین.
ئامارەکان ئاماژە بە زۆریی رێژەی قوربانیدانی ژنان دەکەن لە جەنگەکاندا، بەڵام رەنگە هیچ ئامارێک نەتوانێت ژمارەی راستەقینەی ئەو قوربانییەمان پیشان بدات، چونکە زۆرێک لە ژنان بەهۆی باردۆخی کۆمەڵایەتییەوە ناتوانن بە ئازادی باس لە ئەمونەکانی خۆیان لەماوەی جەنگدا بکەن و دەیشارنەوە.
(ئانجیلینا جولی)، لەمبارەوە دەڵێت: «کە سەردانی کەمپەکان دەکەم کچانێکی زۆر باس لە چیرۆکی خۆیانم بۆ دەکەن لە ماوەی جەنگدا، بەدەم گریان و فرمێسکەوە چیرۆکی ئەو دەستدرێژی و توندوتیژییانەم بۆ دەگێڕنەوە کە لەماوەی جەنگدا چەشتویانە، بەڵام هەمیشە تکام لێ دەکەن چیرۆکەکانیان بۆ کەس نەگێڕمەوە».

بۆچی ژنان زۆرتر پەنا بۆ نەشتەرگەریی منالبون دەبەن؟

پزیشکێک: هۆشیاری خەڵک دەربارەی منالبونی سروشتی کەمە

■ **نەوژین،**
شۆخان حەمەساڵح- سازان مستەفا

ساڵ دوای ساڵ، رێژەی ئەو ژنانەی کە بۆ منالبون پەنا بۆ نەشتەرگەریی دەبەن لە بری رێگا سروشتییەکە، زیاتر دەبێت، بەڵام ئەم کارە وەکو شارەزایانی بواری پزیشکیی ئاماژەی بۆ دەکەن، لایەنی خراپ و لێکەوتەی تەندروستی بۆسەر خودی ژنان دەبێت. پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی ژنان نەشتەرگەری قەیسەری لە منالبونی سروشتی بە باشتر دەزانن ؟ کەمی هۆشیارییە یان تێنەگەیشتن لە زیانەکان؟

لەمیانەی ئەم دیدارە دا، پزیشکی پسپۆری ژنان و منالبون، د. بەناز جەلیل، لەبارەی ئەم پرسەوە وەڵامی (نەوژین) دەداتەوە.

*** بۆچی ژنان پەنا دەبەنە بەرنەشتەرگەریی، واتا هۆکار چیە رێژەی منالبون بە نەشتەرگەری زۆر ترە لەسالانی رابردو؟**

بەرای من دو هۆکاری سەرەکیی لەپشت ئەم حاڵەتەوەیە، ئەوانیش:

١. هۆشیاری خەڵک دەربارەی منالبونی سروشتی کەمە، ئەمەش وادەکات کە ژنانی دوگیان لەسەر داوای خۆیان لە نەخۆشخانە تایبەتیەکان منالیان ببێت.

٢. پەیوەندی بەجۆری ژیانەوە هەیە، چونکە دایکانی ئەمرۆ بەراورد بەژیانی ژنان لە رابردوا جوڵەیان کەمترە، ژنان لەرابردو ئیش و جوڵەی رۆژانەیان زۆر بوە، بەڵام ئێستا کەمترە، بەو واتایەی پەیوەندی هەیە بە کەمی جوڵەو گۆڕانی ژیانە.

*** کەواتا دەبێت دایکان چی بکەن بۆ ئەوەی کەمتر پەنا ببەنە بەر ئەنجامدانی نەشتەرگەری و رێژەکەی کەم بکرێتەوە؟**

بەپێی بنەما پزیشکیی و زانستیەکان، دایکیک رۆژانە جوڵەی زۆر بێت شەو زو بخەوێت و بەیانی زو هەستێت کێشی کەم بێت جەستەیەکی باشی هەبێت کارێکی زۆر بکات، ئەگەری منالبونی بەسروشتی زیاترە بەو مانایەی ئەم هۆکارانە یارمەتیدەدەن کە منالەکەی بەشێوەیەکی سروشتی باشتر بێتە ژیانەوە.

*** باست لە ئاستی هۆشیاری ژنان کرد، ئایا پزیشک دەتوانێن نەخۆش پەشیمان بکاتەوە لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری؟**

هۆشیاریی کارێکە بەتەنها لەسەر پزیشک نیە، بەڵکو لەسەر نەخۆشیش خۆیەتی، واتا کارێکی دو دیوییە. ئەو دیوەی پەیوەندی بە پزیشکەوە هەیە ئەوەیە کە بۆ نەخۆشەکەی رون بکاتەوە، رەنگە هەندێکجاریش لێکتێنەگەیشتن روبدات، بەڵام لەسەر پزیشکە بۆی رون بکاتەوە لەبارەی هەردو جۆرەکەی منالبون و رێنمایی پێبدات، بریاری کۆتاییش لای نەخۆش دەبێت کە کام لەو دو جۆرە هەڵدەبژێرێت، لەهەندێک حاڵەتدا پزیشک دەتوانێت قەناعەت بەنەخۆش بکات لەنەشتەرگەری پەشیمانی بکاتەوە و کەبەسروشتی منالی ببێت، هەروەک هەندێکجاریش حاڵەتەکە پزیشکەکە ناچار دەکات کە نەشتەرگەری بکات.

*** زۆرجار دەبیستین لەبارەی ئەوەی تەنانەت لە وڵاتانی رۆژئاواش، نەشتەرگەریی منالبون زۆر پەسەند نییەو منالبون بە سروشتی بە گونجاو دەزانن، هۆکاری ئەمە چیەو لێکەوتە خراپەکانی نەشتەرگەری لەسەر دایک چیە؟**

ئەوەی پەیوەندی بە دایکەوە هەبێت، ئەوا نەشتەگەری منالبون کێشەی نزیک و کێشەی دوری بۆ دروست دەکات، کێشەی نزیک ئەوەیە کە ئەگەری هەیە دایکەکە لەکاتی بێهۆشیی «بنج» دا گیان لەدەستبدات یان توشی حاڵەتی تری تەندروستی ببێت وەکو ئەوەی هەستیاریی «حساسیە» بەدەرمانی بەنجەکە هەبێت، هەروەها ئەگەری هەیە خوێنبەربون «نزیف» روبدات یاخود ئەگەری ئەوە هەیە کە نەخۆشەکە بەهۆش نەیەتەوە یان ئەگەری هەیە جەڵتەی دەماغ لێی بدات، هەروەها ئەگەر حاڵەتەکە گەیشت بەوەی رەحمی ژنەکە دەربهێنرێت، ئەوا ئیتر ناتوانێت منالی ببێت بۆ جارێکی تر. لەکێشە دورەکانیش ئەم دایکە بەوە دەناسرێت کەنەشتەرگەری پێشوی هەیە لەوانەیە ریخۆڵەکانی بەیەکەوەنوسابن.

> نەشتەگەری منالبون کێشەی نزیک و دور بۆ دایکەکە دروست دەکات

*** ئەی کاریگەریی لەسەر منال واتا کۆرپەکە چییە؟**

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستوە کە منالێک پێش ئەوەی دایکی ژان بیگرێت دەری بێنیت وەک ئەوەیە پێش وەخت لەدایک بوبێت، ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ کۆرپەلە لە هەفتەی ٣٧ بۆ ٣٨ رێی پێدراوە ئەنجام بدرێت نەک پێشتر لەوە، چونکە لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە ئەو کاتە منال تەواو ئامادەیە کە دایک ژان دەیگرێت و بەسروشتی منالی دەبێت، بەوپێیەی هەفتە یان رۆژانی کۆتایی ئەو کاتەیە کەمێشکی منال تێیدا گەشەدەکات.

هەروەها لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەشدەکەن کە ئەو منالانەی بەنەشتەرگەری یان پێش وەخت لەدایک دەبن، لەگەورەبوندا ئەگەری هەیە توشی شەلەل دەماغ ببن یان کاریگەری لەسەرئاستی ژیریان هەبێت.

*** هەر ئافرەتێک تا چەند جار دەتوانێت بەنەشتەرگەری منالی ببێت؟**

رێژەیەکی دیاری کراوی نیە، بەڵام تاکەم بێت باشترە، ئافرەتێک رەنگە هەبێت تا شەش جار منالی ببێت بەنەشتەرگەری، بەڵام لە روی زانستیەوە ئێمە پێمان باش نیە، چونکە کێشەی زۆرە وەک ئەگەری دەرهێنانی رەحم و خوێنبەربون و هەروەها برینی میزڵدان و ریخۆڵەکان زۆر دەکات، بەڵام بەسروشتی تا هەشت منالیش کێشەی نیە.

ئەوەی لەبارەی «هاوڕێی خەیاڵیی» منالەوە نایزانی

■ نەوژین

«منالەکەم زۆرجار بەتەنیاو لەبەر خۆیەوە قسەدەکات و دەست رادەوەشێنێت، وەک ئەوەی لەگەڵ کەسێک دا قسە بکات، ئەمەش توشی دڵەراوکێی کردوم لەوەی نەکا توشی نەخۆشی و حاڵەتێکی دەرونی و عەقلی بوبێت».

ئەم ترس و خەمەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ دا، حاڵەتێکی دەگمەن و دانسقە نیە، بەڵکو روبەروی زۆر دایک بوەتەوە، ئەویش کاتێک منالەکانیان وەها رەفتار دەکەن کە وەک ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەن، کە ئەمەش زۆرجار دایکان بە رادەیەک دەترسێنێت کە وابزانن لەگەڵ دێو و جن یان بونەوەرێکی ئەفسانەیی قسە دەکەن.

ئەم دیاردە پێی دەڵێن «هاوڕێی خەیاڵیی»، کە دیاردەیەکە منال لە سەردەمی ساوایی و پاشتردا روبەڕوی دەبێتەوە، ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی دەرونییەو هەمو منالێک لە تەمەنی ٣ بۆ ٥ ساڵی باوەڕ بەوە دەکات هەر بوکەڵەیەک کە یاریی پێدەکات وەکو کەسێکی تەواو و راستەقینە وەریدەگرێت و مامەڵەی لەتەکدا دەکات.

بەپێی توێژینەوەیەکی بریتانی، لەهەر ٥ منال دا دانەیەکیان هاوڕێی خەیالی هەیە کە بە زۆری لەکاتی یاریکردنەکانی دا هاوڕێیەتی دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەو منالە تەنیا بێت.

> لەهەر ٥ منال دا دانەیەکیان هاوڕێی خەیالی هەیە

توێژەران لە شیکردنەوەی هۆکاری ئەم حاڵەتە، چەند خاڵێکیان دەستنیشان کردوە، کە ئەمانەن:

١. هەستنەکردنی منال بە ئاسایش و ئەمان لەنێو خێزانەکەی دا، یان هەستکردنی بە بونی هەڕەشە و فشار لەسەری لەنێو خێزانەکەی دا.

٢. گرنگینەدانی پێویستی دایک و باوک بە منالەکە.

٣. پشتگوێخستنی منال و هەوڵنەدان بۆ تێگەیشتن لەمنالەکەو گفتوگۆ نەکردن لەگەڵی دا، چونکە منال لەم قۆناغەدا زۆر هەستیار دەبێت بەرامبەر بەخێزانەکەی، بەتایبەت کە سەرچاوەی یەکەمی ئاسایش و ئەمانێتی.

ئەم حاڵەتە، لە یەک کاتدا لایەنی خراپەو باشی هەیە، خراپیەکانی ئەوەیە کە هەندێکجار ئەم هاوڕێ خەیاڵیە لەگەڵ منالەکەدا دەمێنێتەوە سەرباری گەورەبونی تەمەنی، تاوایلێدێت قورس و گران دەبێت دەستبەرداری ببێت، ئەمەش وادەکات منالەکە گۆشەگیر ببێت و قورس بێت بۆی لەگەڵ دەوروبەری دا هەڵبکات.

لایەنە باشەکەشی ئەوەیە کە وادەکات زمانگرتن و قسەکردنی منالەکە باشتر ببێت، هەروەها کاتە بۆشەکانی بۆ پڕدەکاتەوە، بەتایبەت ئەگەر منالەکە تەنیا بێت.

سەرباری ئەم سودانەش، بەڵام واباشە دایکان و باوکان ئاگاداری ئەم حاڵەتە بن و هەوڵبدەن پێ بە پێ چارەسەری بکەن بەتایبەتی بۆ ئەوەی لەو قۆناغە تەمەنەی کە وتمان کۆتایی پێبێت و بەردەوام نەبێت بۆ قۆناغەکانی تر. بۆ چارەسەرکردنیش دەبێت رەچاوی ئەم خالانە بکەن:

١. دایکان و باوکان بەتایبەت دایکان، رێزی خۆیان بۆ هاوڕێ خەیالیەکە پیشان بدەن و سوکایەتی پێنەکەن.

٢. هەرگیز پەنا نەبرێت بۆ سەرزەنشت کردن و توڕەبون لێی لەکاتی قسەکردنی دا لەگەڵ هاوڕێ خەیالیەکەی.

٣. قسەکردن لەگەڵ منالەکەو هەوڵدان بۆ زانینی ئەوەی چی دەوێت لەو هاوڕێ خەیالیەی بۆ ئەوەی بتوانیت لێی تێبگەیت و لە ژیانی واقیعی دا بۆی بەرجەستە بکەیت.

٤. گرنگە منال هاوڕێی هەبێت و هەولبدەی منالەکەت هانبدەی بۆ دۆزینەوەی هاوڕێ، هاورێکانیشی لەروی تەمەن و مەزاجەوە لێی نزیک بن، بۆ ئەوەی لە هاوڕێ خەیالیەکەی دور بکەوێتەوە.

٥. رێگە مەدە ئەو منالەی کە هاوڕێی خەیالی هەیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بەتەنیا دابنیشێت.

ژنێکی کورد هۆکاری دروستکردنی باخچە هەڵواسراوەکانی بابلە

■ نەوژین

دوای هێرشی (ئاشورییەکان و خێڵی ساکا) بەسەرکردایەتی (ئاشور پانیباڵ) هەستان بە کوشتنی (فرەوەرتیش)ی باوکی (کەیخەسرەو) کە ئەو کاتە فەرمانڕەوای دەوڵەتی میدیەکان بون، (کەیخەسرەو) سوپایەکی پێکەوەنا لەگەڵ پاشای بابلیەکان (نەبو خەزر نەسر) هاوپەیمانییەکیان بەست دژی ئاشورییەکان بۆ چەسپاندنی ئەم هاوپەیمانییە.

هەروەکو لەو سەردەمەدا باو بوە کە ژن و ژنخوازی لە نێوان خێزانی فەرمانڕەواکاندا بکرێت، هەر بۆ ئەو مەبەستەش پاشای بابلیەکان داخوازی شازادە (ئەمیتس)ی لە فەرمانڕەوای میدییەکان کەیخەسرەو) کرد.

دوای ماوەیەک لە هاوسەرگیریان لەگەڵ شازادە (ئەمیتس)ی کورد لەگەڵ ئیمپراتۆری بابل، شازادە (ئەمیتس) بێزار بو لە مانەوەی لەوێدا و هەستی بە غەریبی دەکرد، بۆیە بە پاشای بابلی وت کە ئەو بیری وڵاتی خۆی دەکات و بیری چیاکانی کوردستان دەکات، چونکە میدییەکان لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەژیان بۆیە ئەو شازادەیە بیری سەوزایی زنجیرە چیاکانی دەوڵەتی خۆی دەکرد و نەیدەتوانی لە بابلی بیابان ئاسا بەردەوام بێت.

بەڵام پاشای بابل لە بەرامبەر خۆشەویستی بێ پایانی بۆ شازادە (ئەمیتس) بڕیاریدا کە باخچە هەڵواسراوەکانی بۆ دروست بکات کە بە یەکێک لە حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهان دادەنرێت کە بە (باخچەی بابل) یان (باخچە هەڵواسراوەکانی بابل) ناسراوە.

پاشای بابل توانی بەگژی بیابانێکی وشک و گەرم هەڵسێت و بەهەشتێک بۆ شازادە (ئەمیتس) دروست بکات کە پڕ بو لە درەخت و گوڵ و گوڵزار و روەک، بابل شارێکی کۆنە و پاشماوە و شارستانیەتێکی کۆنی سەر (روباری فوراتە لە نزیک شاری حللەی ئێستا دەکەوێتە خواروی بەغداد)ـەوە بە دوری ١٦٠ کلم.

پاشای بابل لە خۆشەویستی ئەمیتس باخچە هەڵواسراوەکانی بۆ دروست کرد

لە کۆندا بابل ناوی بە (بابلونیا) ناودەبرا خاکی بابلی نێوان هەردو روبار، (باخچەی بابل) لە چوار بەش پێکدێت کە بەشێوەی بازنەیی و بالکۆن ئاسا دروست کرابو، لەسەر چوار پایەی گەورە راگیرابو بە دیواری گەورە گەورەی زەبەلاح و بەربەستی ئاوی دەورەی دابو، بۆ ئەوەی دور بێت لە چاوی تەماحکاران و نەحەزان، کە بە بەرزایی ٧٥ پێ بەرز بو، هەر یەکەیان دو دەرگای پێوە بو واتە هەشت دەرگا جوانترین دەرگایان دەرگای عەشتار بو.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبە مێژویەکان ئەوا بە رونی دەردەکەوێت کە شازادە (ئەمیتس) کچە کوردێکی میدی بوەو کچی (کەیخەسرەو) بوە، بەڵام هەندێکیان وای بۆ دەچن کە (کەیخەسرەو) باپیری بوە.

شازادە ئەمیتس کچە کوردێکی میدیی بوەو کچی کەیخەسرەو بوە

(کەیخەسرەو) کوڕی (فرەوەرتیش) بوە ئەمیش کوڕی (دیاکۆی) فەرمانڕەوای میدیەکانە، کەچی فارسەکان حاشا لە کورد بونی (کەیخەسرەو) دەکەن و دەڵێن: فارس بوە، بەڵام مێژونوسی روسی (ئیگۆر دیاک نۆڤ) ئاماژە بەوە دەکات کە گۆڕی (کەیخەسرەو) دەکەوێتە (قزقاپانی شاری سلێمانی لە کوردستان)، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە (کەیخەسرەو) کورد بوە.

جگە لەوەش بونی (باخچە هەڵواسراوەکان) گریمانەیەکی دیکەیە، کە کورد بونی (ئەمیتس) دەسەلمێنێت، چونکە شوێنەوارناس و پسپۆڕ لە بواری شوێنەوارناسی و نوسەری کتێبی (نهێنی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل) دکتۆر (ستێفەنی دالی) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی «The Mystery of the Hanging Garden of Babylon»، باس لەوە دەکات کە (شوێنەواری باخچە هەڵواسراوەکانی بابل) وەکو شوێنەوارەکانی دی نەدۆزراوەتەوە، چونکە زیاتر لە کوردستانەوە نزیکە و پێشوتر شوێنی هەڵەی بۆ دەست نیشان کراوە.

دەشڵێت: شوێنی (باخچە هەڵواسراوەکانی بابل) بابل نەبوە، بەڵکو نەینەوا (موسڵ)ە کە تەنها ٣٥٠ میل لە کوردستانەوە دورە.

(دالی) لە رێگەی نوسراوێکی پارێزراو لە مۆزەخانەی بەریتانیا دەگات بە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە و پشکنینەکانی نوسراوەکە، کە بە پیتی (بزماری) نوسراوە باس لە (کۆشکی مەلیک سەنحاریبی ئاشورییەکان) دەکات کە سەددەیەک پێش (نەبو خەزر نەسر) ژیاوە، ئەوە پیشان دەدات کە (کۆشکەکە نزیک نەینەوای پایتەختی ئاشورییەکان) دروست کراوە، لەو کۆشکەدا باخچەیەکی ئێجگار سەرسوڕهێنەر هەبوە لە روی جوگرافیشەوە گریمانەی کورد بونی (ئەمیتس) دەکرێت.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:
شاران بەرزنجی

چۆن لە وەرزی زستان ئارایشت بکەین؟

■ نەوژین، سێوە محەمەد

ئارایشت یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئافرەتان و گرنگیەکی زۆری پێدەدەن، شێوازی ئارایشتکردنیش بە پێی کات و وەرز دەگۆڕێت، لەم راپۆرتەدا ئەو خاڵانەتان بۆ دەخەینەرو کە گرنگە لە وەرزی زستاندا و لە کاتی ئارایشت دا رەچاوی بکەین.

١. سوراوی تۆخ:

وەرزی پایزو زستان وەرزی سوراوی تۆخ و رەنگدارە، لەوەرزی سەرمادا خانمان دەتوانن بۆ رەنگکردنی لێویان سود لە رەنگە تۆخەکان ببینن وەک پەمەیی تۆخ یان نارنجی، تەنانەت رەشیش ئەم رەنگە گەرمانە رەونەق بە روخسار دەبەخشێ و جوانتر پیشانی دەدات.

٢. برۆ:

گرنگترین شت لە وەرزی زستاندا تیشکخستنە سەر پانی برۆکانە و نابێت بەهیچ شێوەیەک پشتگوێ بخرێت، برۆ رۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە ئارایشتی دەموچاو و جوان دەرخستنی روخسار، باشتر وایە رەنگی برۆ لەوەرزی سەرمادا لە رەنگی پرچ کاڵتر بێت بۆئەوەی ببیتە خاوەنی روخسارێکی جوان و سەرنجراکێش.

برۆ رۆڵی گرنگی هەیە لە جوان دەرخستنی روخسار

٣. پرچی لول:

پرچی لول لە هەمو شوێن و کات و وەرزێکدا جوانترین و سەرنجراکێشترینە بەتایبەت لەوەرزی زستاندا. باشتر وایە لەم وەرزەی ساڵدا دور بکەویتەوە لە خاوکردنەوەی پرچ و زیاتر سود لە لولکردن وەربگریت.

لولکردنی پرچ بەشێوەی لولی ورد یان گەورە یان شێوەی مەوجی و نیوە لول، جوان و سەرنجڕاکێشە و شێوەیەکی شیکتر بە خانمان دەبەخشێ.

٤. خەتی چاو (رومێل):

لە وەرزە ساردەکانی ساڵ وەک پایز و زستان، سود وەرگرتن لە رومێل، چاو درێژ و و دیارتر دەردەخات.

لە زستاندا پێویستە دیقەتێکی زۆر بخرێتە سەرچاو، چونکە چاو لە وەرزی سەرمادا جوانیە هەمیشەییەکەی خۆی لە دەست دەدات و سپی و بێ رۆح دەردەکەوێت، بۆیە سود وەرگرتن لە رومێلی رەش و پشتەچاوی رەنگ تۆخ و خەتی چاوی بریقەدار، حاڵەتێکی جوان بە چاو دەبەخشێ و گەورەتر و کراوەتر پیشانی دەدات.

٥. دوشاخە:

یەکێک لە جوانترین شێوە رێکخستنەکانی پرچ لەم وەرزە سود وەرگرتنە لە شێوەی دوشاخی یان پەلککردنی پرچە بەشێوەی دوشاخی.

ئەم شێوە رێکخستنەی پرچ لە نێو شارەزایانی جوانکاری لە ئەوروپا رەواجێکی زۆری هەیە، پێیانوایە ئەم شێوە رێکخستنە شێوەیەکی کچانەتر بە روخساری خانمان دەبەخشێت.

٦. سەررومەت:

بەشێوەیەکی ئاسایی لە وەرزی زستاندا پێست کاڵتر دەبێتەوە، بۆیە خانمان دەتوانن ئەساسی رەنگ تۆختر لەوەرزی هاوین بەکاربهێنن و سەررومەتی رەنگ تۆختر وەکو: سور و برۆنزی یان نارنجی، باشترین رەنگی سەر رومەتە.

هەرچەند لەم وەرزەدا ناتوانرێت رەنگێک دیاری بکرێت یان رەنگێگ لەنێوان رەنگەکان جیابکرێتەوە، چونکە هەمو رەنگەکان لەسەر رومەت ئەگەر بەکەمی بەکاربهێنرێت جوان دەردەکەون.

خاڵێکیتری گرنگ دەبێت خانمان سەرنجی بدەن ئەوەیە نابێت سەررومەتی زۆر بەکاربهێنن، چونکە رەونەقی دەموچاویان دەکوژێت.

دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.

رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

رۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەیەکی رادیۆی دەنگ کە لەلایەن سندوقەکەوە پاڵپشتیی دەکرێت.

رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولێکی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە:
تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

ئەو ژنەی بە قوڕ شەڕی کەرەستە و ئامێرە نوێیەکان دەکات

■ نەوژین، سەردەشت محەمەد

(تەنور، مەقاڵە، جێگای هیزەی ڕۆن و کەنو)، ئەم کەرەستە کۆنە کوردەوارییانە، پاش تێپەڕینی ئەو هەمو ساڵە، هێشتا ژنانێک هەن گرنگیی پێدەدەن و دروستی دەکەن، ئەمەش لە لایەک بونی ئەو کەرەستانە دەپارێزێت، لەلایەکی دیکەشەوە بوەتە سەرچاوەی بژێویی بۆ ئەو ژنانە.

> هاوڵاتیان هێشتا پارە بەکڕینی ئەم ئامێرە قوڕانە دەدەن

> ئەم ئامێرانە تام و لەزەتێکی دیکە بە خواردن دەدەن

بەهۆی بونی ئەو هەمو کەرەستەو ئامێرە جۆراوجۆرە نوێیانەی دروست بون، کەم کەس هەیە گرنگیی بە کەرەستەو ئامێری دێرین و کوردەواریی بدات، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە هیچ کەسێکیش نەبێت، بەڵکو تائێستاش ژنانێک ماون لەوێنەی (میمکە سەبیحە) کە گرنگیی بەو بوارە دەدەن و تەنور و مەقاڵەو کەرەستەی تر بە شێوازە سەرەتاییەکەی دروست دەکەن.

سەبیحە ئەحمەد محەمەد، ژنێکی لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠و دانیشتوی ناحیەی رزگاری سەر بەقەزای کەلارە، کاری دروستکردنی ئەو کەرەستە کوردەوارییانە ئەنجام دەدات، سەرباری کەمی خواست لەسەریان، بەڵام هەتا ئێستاش بەردەوامە لە دروستکردنی ئەو کەرەستانە.

ئەم ژنە کە خاوەنی پێنج مناڵەو هاوسەرەکەی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوەو شەهید بوە، لەباسی دەستپێکردنی ئیشەکەی دا وتی: «من لە ساڵانی هەشتاکانەوە لە خانەوادەکەمەوە فێری دروستکردنی ئەم کەرەستانە بوم، ئێستاش چەندین کەرەستەی وەکو: (تەنور، مەقاڵە، جێگای هیزەی ڕۆن و کەنو)، لەگەڵ چەندین کەرەستەی دیکە بە گڵ دروست دەکەم».

ئاماژەی بەوەشکرد لەو کاتەدا ئەم دەستی بە دروستکردن و فێربونی دروستکردنی ئەم کەرەستانە کردوە، لەو سەردەمەدا برەویان زۆر بوەو زۆریش بەکاردەهاتن، بەڵام لەئێستادا برەویان کەم بونەتەوە.

وتی: «ئەو سەردەمەی ئێمە ئەم هەمو ئامێر و کەرەستە پێشکەوتوانەی ئێستان نەبون، بۆیە خەڵکی ژیانێکی ئێجگار سادە و کوردەواریانە دەژیان و ناچاربون بۆ برەودان بەژیان و گوزەرانی خۆیان پەنا بۆ ئامێرە سادە و سەرەتایەکان بەرن کە هەمویان لە قوڕ دروست دەکران».

ئەگەرچی تەکنەلۆژیا و ئامێر و کەرەستەی نوێ شێوازی ژیانی زۆرینەی هاوڵاتیانی گۆڕیوە، بەڵام هەتائێستاش هەندێک لە هاوڵاتیان پشت بە ئامێر و کەرەستە کۆنەکان دەبەستن، وەکو گەڕانەوەیەک بۆ رابردو.

سەبیحە وتی: «ساڵانێکە بەهۆی هێنانی ئەم هەمو ئامێر و کەرەستانەوە هاوڵاتیان کەمتر بەلای ئەم ئامێرە قوڕانەوە دەچون و خەریک بو لەناودەچون، بەڵام ئێستا جارێکی دیکە خەڵکی مەیلی بەلای بەدەست هێنانی ئەم ئامێرە دێرینانە چوە، ئەویش بەوهۆیەی ئەمانە مێژویەکی دورودرێژ دەخەنەوە بیری خەڵک».

ئەوەشی سەربار کرد «ئەمە جگە لەوەی بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە ئاسانترە و تام و لەزەتێکی دیکە بەو خواردنانە دەدەن کە بەهۆیانەوە دروست دەکرێن».

دروستکردنی ئەم ئامێرانە، بۆ ژنانێکی وەکو سەبیحە، بونەتە سەرچاوەی سەرەکی بژێویی، بەو پارەیەی لەم کارەوە دەستیان دەکەوێت، گوزەرانی خۆیان بەڕێوەدەبەن.

وتی: «بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانم پەنام بۆ دروست کردنی ئەم ئامێرانە بردوە و ماوەی چەند ساڵێکە بژێوی ژیانی خۆم و ئەو مناڵانەی کە لەگەڵمدا ماون لەسەر فرۆشتنی ئەم ئامێرانەیە کە رۆژانە خەڵکی دەیانکڕن».

ئاماژەی بەوەکرد کە کارەکەی سەختەو داهاتەکەشی ئەوەندە نییە، بەڵام سەرباری ئەوەش قایل و دڵخۆش بو.

ئاشکرایشی کرد ئەگەرچی هەرێمی کوردستان لە قەیرانی دارایی دایە، بەڵام بازاڕی فرۆشتنی ئامێرەکانی ئەو وەکو خۆیان ماون و وەکخۆی وتی: «هاوڵاتیان هێشتا پارە بەکڕینی ئەم ئامێرە قوڕانە دەدەن».

ئەو کەرەستانەی (سەبیحە) دروستیدەکات، هەریەکەو تایبەتمەندی و وردەکاریی خۆی هەیە، هەروەک نرخەکانیشیان جیاوازە.

باسیلەوەکرد دروستکردنی کەرەستەکان بەپێی قەبارەو وردەکارییان دەگۆڕێت، بۆنمونە کەرەستەیەکی وەکو تەنور، بەلای کەمەوە رۆژێکی تەواوی پێدەچێت بۆ دروستکردنی.

بەڵام ئەگەرچی کارەکەی ماندوکەرەو وزەو توانای زۆری لێخەرج دەکات، بەڵام دڵخۆشە بەوەی «ناچاری دەستی کەس نابم و بە سەربەرزیی بژێویی خۆم و خێزانەکەم دابین دەکەم».